# سیاسەتی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەهەمبەر قەیران لە هەرێمی کوردستان (هەفتەنامەی ئاوێنە) بە نمونە

د.کارزان محەمەد ئەحمەد*

وشە کلیلییەکان: سیاسەتی ڕۆژنامەگەریی، قەیران، هەرێمی کوردستان، هەفتەنامەی ئاوێنە.
https://doi.org/10.31271/jopss.10021

**پوختەی توێژینەوە:**

تەوەرەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بەسیاسەتی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەهەمبەر قەیرانی هەمەلایەنە لە هەرێمی کوردستان بە هەڵبژاردنی ناوەرۆکی بابەت وتەوەرەکانی ژمارەکانی شەش مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠١٦ز)ی (هەفتەنامەی ئاوێنە)ی وەك سامپڵ لەماوەی (١/١/ ٢٠١٦ز تا ٣٠/٦/ ٢٠١٦ز). توێژینەوەکە بە توێژینەوەیەکی (جۆری- qualitative) دادەنرێت، بەپشتبەستن بە میتۆدی (Grounded Theory) هەوڵیداوە مۆدیلێکی شیاو بۆ شێوازی مامەڵەی سیاسەتی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەهەمبەر قەیراندا بخاتەڕوو.

پێکهاتەی توێژینەوەکە، لەم بەشانە پێکهاتووە: بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکەیە. بەشی دووەم: تایبەتە بە لایەنی تیۆری، چەمکی سیاسەتی رۆژنامەگەریو کاریگەرییەکانی لەکاتی قەیرانی دارایی دا شرۆڤە کراوە. بەشی سێیەم: تایبەتە بەلایەنی پراکتیکی، وێڕای تاوتوێکردنی بابەتەکانی هەفتەنامەی (ئاوێنە) لەکاتی قەیرانەکەدا، بەپێی میتۆدی (Grounded Theory) مۆدیلێکی شیاو بۆ مامەڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەهەمبەر قەیرانە داراییەکاندا ئۆرگانیزە کراوە. لەکۆتاییشدا (دەرەنجام)و (پێشنیاز)و (ڕاسپاردە)ی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو.

**ملخص البحث:**

**سیاسة الصحافة الکردیة إتجاه الأزمة في إقلیم کوردستان (أسبوعیة آوینة) أنموذجا**

یرتبط المحور الرئیسي لهذا البحث بسیاسة الصحافة الکردیة تجاة الازمة المتعددة الجوانب في أقلیم کردستان. واختار الباحث محور مواضیع جریدة وهي (أسبوعیة آوینة) خلال ستة اشهر من سنة (٢٠١٦م) کنموذج. وطرح الباحث مجموعة أسئلة و هي: ما مدی إهتمام اسبوعیة (آوینة) في المدة المعینة (٢٠١٦/١/١م- ٢٠١٦/٦/٣٠م). ویعد هذا البحث (بحثا نوعیا) واعتمد علي نظریة (کراوندد) في سبیل اضهار نموذج مناسب لطریقة معاملة سیاسة الصحافة الکردیة تجاة الازمات. ویتکون البحث من

* مامۆستا لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی karzan981@yahoo.com

ثلاثة فصول: يتضمن الفصل الاول الأطار المنهجى للبحث. ويتناول الفصل الثاني أطارا نظريا لمفردات سياسة الصحافة و تأثيرها في أوقات الأزمات المالية. أما الفصل الثالث فيتضمن دراسة ميدانية تتركز على موضوعات جريدة (آوينة) في أوقات الازمات باعتماد نظرية (كراندد)، مع بناء نموذج مناسب لمعاملة الصحافة الكردية تجاة الازمات المالية، وقد طرحت (الاستنتاجات) و(التوصيات) و(المقترحات) في النهاية البحث.

## Abstract

**Kurdish press policy towards the crisis in the Kurdistan Region**
**(Weekly Awene) as a model**

The researcher, in his study, has tried to present some significant questions: How much does (Awene) newspaper pay attention to the financial crisis in the Kurdistan Region during (1st of February 2016 to 30th of June 2016)? How pressure has (Awene) newspaper exerted on the Regional Government and institutions to solve the financial crisis? The objectives of this research are: To show the level of (Awene) newspaper interest in the financial crisis in Kurdistan Region through analyzing the contents of the newspaper in the specified period of the research (1st of February 2016 to 30th of June 2016). This research which is considered as a qualitative research based on (Grounded Theory) method, tried to present a suitable approach to the Kurdish press policy in dealing with the crisis.

The research consists of there parts: First part: It is a research methodology. Second part: It is about theoretical background, the concept of the press policy and its effects during the financial crisis. Third part: It is about practical side and the analysis of (Awene) newspaper subjects during the financial crisis. Based on (Ground theory), a suitable approach for the Kurdish press on the financial crises is organized. Finally, conclusions, suggestions and recommendations of the study are presented.

# پێشەکی:

ئەمڕۆ بواری میدیا یەکێکە لە گرنگترین ئامڕازەکانی ئاڵوگۆڕی زانیاری لەناو کۆمەڵگادا، ئەم ئەرکەش لەناو وڵاتە نائارامەکاندا بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی سەقامگیر، بۆتە پرۆسەیەکی زۆر ئاستەم بۆ ڕۆژنامەنووسان و دامودەزگاکانی میدیا، لەبەرئەوەی ڕووداوەکان بەخێرایی کاریگەری لەسەر سیستەمی حکومڕانی وڵات و ژیان و بژێوی جەماوەریش جێدەهێڵن.

هەرێمی کوردستان وەك بەشێکی پەیوەست بە وڵاتی عێراق، لە ماوەی دوو دەیە و نیودا بە سێ قۆناغی هەستیاردا تێپەڕی، ئەویش ڕاپەرینی (١٩٩١ز) دژ بە ڕژێمی بەعس و شەڕی خۆبەخۆی کورد (١٩٩٤-١٩٩٧ز) و ڕووخاندنی سیستەمی دیکتاتۆری لە (٩ی نیسانی ٢٠٠٣ز) و هەڵپەساردنی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم و بەغداد لە ساڵی (٢٠١٤ز)دا بوو، قۆناغی سێیەم کە دەرکەوتن و کۆتایهاتنی داعش و خراپبوونی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم و بەغدایە، بەهۆی جاڕدانی ئابوریی سەربەخۆ لەلایەن هەرێمی کوردستان و بڕینی بەشەبودجە لەلایەن بەغدادەوە هاتەئارا. دوای بە فەرمی ڕاگەیاندنی سیاسەتی تەقەشوف لەلایەن حکومەتی هەرێم لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٦ز)دا، قەیرانێکی هەمەلایەنەی ئابوری سەرجەم بوارە گرنگەکانی هەرێمی کوردستانی دووچاری تەنگژەی جۆراوجۆر کرد، دەستبەجێ حکومەتی هەرێم ڕێژەیەکی موچەی کارمەندانی بەناوی سیستەمی پاشەکەوتەوە بڕی، بودجەکانی تایبەت بە ئاوەدانکردنەوە و بوارەکانیتر وەستێنرا و ڕێژەی بێکاری هەڵکشا، کەرتی بەرهەمهێنانیش نزمترین ئاستی تۆمار کرد. گرنگترین سەرچاوەی زانیاریی بۆ بنکۆڵکاری ئەو دۆسییە بایەخدارە و تاوتوێی کاریگەرییەکانیشی لەسەر هەرێمی کوردستان، بریتیبوو لە میدیاکان بەتایبەت لیبراڵ و ئەهلییەکان.

لەم ڕوانگەیەوە، ئەم توێژینەوەیە بەپشتبەستن بە تاوتوێی بابەتە ڕۆژنامەگەرییەکانی هەفتەنامەی (ئاوێنە) وەك هەفتەنامەیەکی سەربەخۆ، هەوڵ دراوە ئاراستە جۆراوجۆر و دۆسییە وروژێنراوەکانی هەستیارترین قۆناغی کوردستان شرۆڤە بکرێت، چونکە ئەم تەنگژەیە کاریگەری نیگەتیڤی لەسەر سەرجەم دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان جێهێشت.

# بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە

ئەم بەشە تارخانکراوە بۆ خستنەڕوی بایەخ وگرفت وئامرازەکانی ئەم توێژینەوەیە، لەگەڵ چەمکە بنەڕەتییەکانی، بەم شێوەیەی خوارەوە.

**یەکەم- بایەخی توێژینەوەکە:**

هەوڵەکانی ڕۆژنامەگەری بۆ وروژاندنی ئەو دۆسیيانەی کاریگەری پۆزەتیڤ یا نیگەتیڤ لەسەر بوارەکانی کۆمەڵگا دەخوڵقێنن، بە هەنگاوێکی شایستە دەزانرێت لەو ڕوانگەیەوە کە بەڕێوەبردنی دەسەڵات لە سیستەمێکی دیموکراسی ڕاستەقینەدا، هەمیشە پێویستی بەپرۆسەیەکی بەردەوامی چاودێری و بەدواداچوون هەیە، ئەمەش لەپێناو دەستەبەری مافی زانین بۆ جەماوەر و بنکۆڵکاری ئەو دۆسییانەی بەهۆی پەیوەندییە سیاسی و دیبلۆماسییەکانی نێوان دەسەڵاتەکان دێنەئارا، وڵاتێکیش ڕووبەڕووی تەنگژە دەکەنەوە. ئەم توێژینەوە لە کۆمەڵێك ڕووەوە شیاوی بایەخی ئەکادیمییە:

ا-**بۆ خوێنەران:** شرۆڤەی ئاستی گرنگیدانی ڕۆژنامەگەریی بەتایبەت ڕۆژنامە ئەهلییەکان بەتەنگژەی دارایی، بایەخەکەی بۆ خوێنەران وەك بەشێکی زیندووی کۆمەڵگا لەوەدایە کە دەتوانن دۆسییەی گرنگ و زانیاری حەشاردراو دەستەبەر بکەن، لەو قۆناغەدا زۆرجار میدیای حیزبی و حکومی زانیاریی ئەوتۆ بڵاوناکەنەوە، میدیای ئەهلی بەتایبەت ڕۆژنامەگەری ئەهلی ببووە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و بابەت لەبارەی قەیران و کاریگەرییەکانی.

ب-**بۆ دامەزراوە یاسایی و ئابورییەکان:** وروژاندنی مەسەلەکانی پەیوەست بەکەرتی ئابوری و گیروگرفتە یاساییەکانی، بەتایبەت دۆسییەکانی گەندەڵی، جێگەی بایەخی دامەزراوە یاسایی و ئابورییەکانە بەمەبەستی بەدواداچوونی گیروگرفتەکان و چارەسەرکردنیان.

ج- **بۆ پاشخانی ڕۆژنامەگەری:** بواری ڕۆژنامەگەریی بەپێچەوانەی ئامرازەکانیتری میدیا (ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکان، ئینتەرنێت)، خاوەنی ئەرشیفێکی پارێزراوە واتا وەك پاشخانێکی مێژوویی دەمێنێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئایندە لەسەر ئەو تەنگژانەی کە هەرێمی کوردستانی بەرەو مەترسی ڕاپێچ کردووە.

د- **لەڕووی ئەکادیمییەوە:** دەروازەیەکی نوێی بۆ ڕۆژنامەگەری خستەڕوو تا لە ڕێگەی وروژاندنی بابەتی هەستیارەوە، ڕایگشتی و لایەنە سیاسی و دامودەزگا حکومییەکان لە ئاست و کاریگەرییەکانی قەیرانە جۆراوجۆرەکان ئاگادار بکەنەوە.

هـ- **لەڕووی تیۆرییەوە:** ڕۆژنامەگەری کوردیدا بایەخی تەواوی بە ئابوری (وەك ژێرخانی وڵات) داوە، ئەمەش پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زانستی هەیە تا لایەنە پۆزەتیڤ و نیگەتیڤەکانی سیاسەتی ڕۆژنامەگەریی لەهەمبەر تەنگژەی ئابوری لە هەرێمی کوردستاندا بخاتەڕوو.

**دووەم- گیروگرفتی توێژینەوەکە:**

گیروگرفتی ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوەدا، وەڵامی تێروتەسەل

دەدرێتەوە:

ا-هەفتەنامەی (ئاوێنە) لە ماوەی دەستنیشانکراودا (١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٦ز تا ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٦ز) تا چەند بایەخی بە قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان داوە؟.

ب-ناوەرۆك و ئاراستەی هەواڵ و ڕاپۆرت و وتار و بابەتەکانیتری هەفتەنامەکە لەسەر قەیران، بە چ ئاراستەیەکە؟.

ج-تاچەند هەفتەنامەی (ئاوێنە) بۆتەمایەی فشار بۆسەر حکومەتی هەرێم و دەزگا نافەرمییەکانیش، لەپێناو چارەسەری دەرەنجامەکانی قەیرانەکان؟.

د- هەفتەنامەی (ئاوێنە) چ ڕۆڵێکی لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیاندا هەبووە؟.

هـ- تاچەند هەفتەنامەی (ئاوێنە) توانیویەتی کاریگەری و لێکەوتەکانی قەیرانەکە شرۆڤە بکات و ئەرشیفیان بکات بۆ مێژوو؟.

**سێیەم- ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێك ئامانجی لەخۆگرتووە کە بریتین لە:

ا-خستنەڕووی ئاستی بایەخی هەفتەنامەی (ئاوێنە) بە قەیران بەگشتی و تەنگژەی دارایی بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان، ئەویش لەڕێگەی تاوتوێکردنی ناوەرۆکی هەفتەنامەکە لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا (١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٦ز تا ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٦ز).

ب-دەستنیشانکردنی ئاراستە و تەوەرە سەرەکییەکانی هەواڵ و ڕاپۆرت و وتار و ژانرەکانیتری هەفتەنامەکە لەسەر بابەتی توێژینەوەکە.

ج-شرۆڤەی ئاستی فشارەکانی هەفتەنامەی (ئاوێنە) بۆسەر دامودەزگا فەرمی و نافەرمییەکان، ئەویش لە ڕێگەی وروژاندنی دۆسییەکانی قەیران ، پاشان بەرهەمهێنانی مۆدێلێك بەپشتبەستن بە هەڤپەیڤینەکانمان لەگەڵ پسپۆڕان و پەیڤەدەراندا بەپێی میتۆدی (گراوندد تیۆری).

د-هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی هەفتەنامەی (ئاوێنە) لە پەرەپێدانی هۆشیاریی ئابوریی لە کۆمەڵگادا.

هـ-دیاریکردنی ئاستی کاریگەری هەفتەنامەی (ئاوێنە) بەپشتبەست بە داتا و میتۆدی (گراوندد تیۆری).

و-بەرهەمهێنانی مۆدیلێکی نمونەیی بۆ مامەڵەی ڕۆژنامەگەری لە ساتی قەیران و هەروەها تەنگژەی دارایی بەپشتبەستن بە شرۆڤەی داتاکان بەپێی میتۆدی (گراوندد-Grounded).

**چوارەم- جۆر و ڕێباز و ئامرازی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لەڕووی تیۆرییەوە بەتوێژینەوەیەکی (جۆری- Qualitative)ە، لایەنە پراکتیکییەکەشی بەپێی ڕێبازی (گراوندد یاخود زەمینەیی -Grounded) کۆمەڵێك تەوەرەی سەرەکی توێژینەوەکە تاوتوێ کراوە لە ڕێگەی سازدانی هەڤپەیڤینی قوڵ و چڕوپڕ لەگەڵ (سەرنوسەر)ی هەفتەنامەی (ئاوێنە) و چەندین پسپۆڕ و ڕۆژنامەنووسدا، تەوەرە سەرەکییەکانی پرسیارەکانیش دوای

ڕاوێژ لەگەڵ (٣) پسپۆڕی بواری میدیادا پەسەند کراون [1]. پاشان لەسەر بنەمای شیتەڵ و ئەنالیزەکردنی دەقی ئەو هەڤپەیڤینانە، مۆدیلێکی شیاو بۆ سیاسەتی رۆژنامەگەریی لەهەمبەر تەنگژەی دارایی ئۆرگانیزە کراوە.

لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەدا، توێژەر ئەم ئامرازانەی خوارەوەی بەکارهێناوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و داتا و شرۆڤەی زانستییانە، تا توێژینەوەکە بتوانێ ئامانجەکانی خۆی بهێنێتەدی، ئامرازەکانیش بریتین لە:

-سەرچاوەی ئەکادیمی نوسراو: توێژەر هەوڵیداوە سەرچاوەی زانستی سەبارەت بەتەوەرەی توێژینەوەکە بەکاربهێنێ، بەتایبەت ئەو بابەتانەی لەلایەن پسپۆڕانەوە نوسراون و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە توێژینەوەکەوە هەیە.

-دیدار و هەڤپەیڤین: توێژەر کۆمەڵێك هەڤپەیڤینی بەشێوەی چڕوپڕ لەگەڵ خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەری هەفتەنامەی (ئاوێنە)دا سازداوە، هەروەها دیداری لەگەڵ پسپۆڕانی ئەو بوارانەدا کردووە کە پەیوەندییان بەسیاسەتی دارایی و ئابورییەوە هەیە.

-تاوتوێی بابەتەکانی هەفتەنامەی (ئاوێنە) وەك سامپڵ کە ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ دەربارەی قەیرانەکەی هەرێمی کوردستانن، تا جۆری مامەڵە و ئاستی سیاسەتی هەفتەنامەکە بەپێی میتۆدی (گراوندد) شیکار بکرێت.

**پێنجەم- بواری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە سێ بواری لەخۆگرتووە:

ا- بواری شوێن: لە سنوری هەرێمی کوردستان، وێڕای ئەو قەیرانەی کە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەیە، ژمارەیەکی زۆر رۆژنامە و گۆڤار داخران، بەڵام هەفتەنامەی (ئاوێنە) وەك سامپڵی توێژینەوە هەڵبژارد کە بارەگای سەرەکی لە (سلێمانی)یە، هۆکاری دەستنیشانکردنی ئەم هەفتەنامەیەش لەبەر ئەم فاکتەرانەی خوارەوەیە:

- ئۆفیسی لە پارێزگا و قەزاکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە.

-بە شێوەیەکی بەردەوام ڕووماڵی ڕووداوەکانی سەرجەم شارەکانی هەرێمی کوردستانی کردووە و بایەخی تایبەتیشی بە دیاردەی قەیران داوە.

- لەڕووی دەرچوونەوە، لە وادەی دیاریکراوی خۆیو بەشێوەی هەفتانە بڵاوکراوەتەوە.

ب- بواری کات: توێژەر نیوەی یەکەمی ساڵی (٢٠١٦ز)ی واتا ماوەی (٢٠١٦/١/١ تا ٢٠١٦/٦/٣٠)ی هەفتانامەی (ئاوێنە)ی وەك سامپڵی کات هەڵبژاردووە، چونکە لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٦ز)دا حکومەتی هەرێم بە فەرمی سیاسەتی تەقەشوفی ڕاگەیاند، لەو ماوەیەدا بەئاستێکی

---

١) تەوەرە سەرەکییەکان و پرسیارەکانی هەڤپەیڤینەکە لەلایەن هەریەك لەپسپۆڕانی بوارە جۆراوجۆرەکانی پەیوەست بەڕاگەیاندن تاوتوێ کراوە، ئەوانیش بەڕێز (د.سامان فەوزی- زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی) و بەڕێزان (پرۆفیسۆر د.عەلی ئەکبەر فەرهەنگی، پرۆفیسۆر د. ڕۆشندڵ ئەربیتانی) لە زانکۆی تاران بوون کە بە ئاستێکی نێودەوڵەتی هەژمار دەکرێن.

بەرفراوانتر کاریگەرییەکانی تەنگژەی دارایی لەسەر جەماوەر و دامودەزگاکانی دەوڵەت و کەرتی خزمەتگوزاری هاتەئارا، هەربۆیەشە هەفتەنامەکە پانتاییەکی زۆری لاپەڕەکانی بۆ ئەو دۆسیەیە تەرخان کردووە.

ج-بواری بابەت: تەوەرەی سەرەکی توێژینەوەکە سەبارەت بەو هەواڵ و وتار و ڕاپۆرت و ژانرە ڕۆژنامەگەرییانەیە کە دەربارەی قەیران و تەنگژەی دارایی، لەماوەی نیوەی یەکەمی ساڵی (٢٠١٦ز) لە هەفتەنامەی (ئاوێنە)دا بڵاوکراونەتەوە.

د-بواری مرۆیی: توێژەر هەوڵیداوە لە ڕێگەی ئەنجامدانی هەڤپەیڤینی قوڵو چڕوپڕ لەگەڵ هەردوو سەرنوسەرو خاوەن ئیمتیازی هەفتەنامەی (ئاوێنە) و ڕۆژنامەنووسانی بەئەزموونو پسپۆڕانی بوارە جۆراوجۆرەکانی بواری سیاسەت و دارایی ساز بدات.

**شەشەم- ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە:**

ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی، ڕووبەڕووی کۆمەڵێ گیروگرفت دەبێتەوە، گرنگترین ئاستەنگەکان بەردەمی توێژەر بریتی بوون لە:

-کەمی سەرچاوەی زانستی لەبارەی (سیاسەتی ڕۆژنامەگەری) و (قەیران) بەهۆی تازەیی بابەتەکەوە.

-تائێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی پێشوەخت بە میتۆدی (گراوندد) لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا سەبارەت بە قەیران ئەنجام نەدراوە.

**حەوتەم- توێژینەوەکانی پێشوو:**

کۆمەڵێك توێژینەوەی جۆراوجۆر لەسەر سیاسەتی میدیا و قەیرانە جۆراوجۆرەکان نوسراون کە بۆ ئەم توێژینەوەیە جێگەی بایەخ بوون، هەندێك لەو توێژینەوانە بریتین لە:

-(دێس فریدمان) لە ساڵی (٢٠٠٨ز)دا توێژینەوەیەکی بەزمانی ئینگلیزی لەسەر ئاستەنگەکانی بەردەم سیاسەتی ڕۆژنامەگەریی بڵاوکردۆتەوە، هەوڵیداوە کاریگەری سیاسەتی ڕۆژنامەگەری لە هەلومەرجەکاندا شرۆڤە بکات.

-د.حەسەن ئەردستانی توێژینەوەیەکی لەسەر ڕۆڵی میدیاکان لە بەڕێوەبردنی قەیران لە ئەفغانستاندا لە ساڵی (٢٠٠٨ز) بە زمانی فارسی بڵاوکردۆتەوە.

-(مەجید ساڵح) توێژینەوەیەکی سەبارەت بە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبردنی قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا لە ساڵی (٢٠١٥ز) بە زمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە.

**هەشتەم- چەمك و زاراوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:**

-سیاسەتی ڕۆژنامەگەری: بریتییە لە پرۆسەی ئاراستەکردنی ڕۆژنامەگەری لەسەر بنەماکانی ئەزموون، بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا و ئایدیای خودی دەزگا میدیاییەکە، ئەم پرۆسەیەش دەبێ

چۆنایەتی و شێوازی پراکتیزەکردنی سیاسەتەکەش لە کۆمەڵگادا ڕەچاو بکات[1].

-قەیرانی دارایی: واتا تێکچوونی هاوسەنگی لەنێوان بنەما و لایەنە سەرەکییەکانی ئابوری بەتایبەت هاوکێشەی (خواست) و (خستنەڕوو)، بەو هۆیەوە ژێرخانی ئابوری و بژێوی کۆمەڵگا دووچاری زیان دەبێتەوە[2].

-هەفتەنامەی ئاوێنە: هەفتەنامەیەکە لە (٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٦ز) بە زمانی کوردی لەلایەن کۆمپانیای ئاوێنەوە لە شاری سلێمانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە شێوەی هەفتانە دەستی بەبڵاوکردنەوە کردووە، خاوەنی ئیمتیازەکەی (هانا ڕەئوف ڕەحیم) و یەکەمین سەرنوسەریشی (ئاسۆس ئەحمەد هەردی) بووە، داهات و سپۆنسەرەکەی ئاستی فرۆش و ڕیکلام و وەرگرتنی هاریکارییە لە چەند ڕێکخراوێکی ئەوروپی. کۆمپانیای ئاوێنە، کۆمپانیایەکی سنووردارە لە بواری میدیاو بڵاوکردنەوەدا کاردەکات. موڵکی کۆمەڵێك وەربەرهێنە کە ئامانجو بنەما سەرەکییەکانی ئاوێنە کۆی کردوونەتەوە، لەپێش هەمووشیانەوە ئەو پرنسیپەی کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ناتوانن ئازاد بن، تا لەڕووی داراییو ئابوورییەوە ئازاد نەبن لە دەسەڵاتو دامودەزگا ڕەسمییەکان. لێرەشەوە پرۆژەیەکە بۆ هاندانی وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت لەبواری میدیادا. ئێستاش سەرنوسەرەکەی (سەردار محەمەد)ە. سایتی فەرمییەکەشی (https://www.awene.com)ە[3].

-هەرێمی کوردستان: هەرێمی کوردستان لە هەر چوار پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە پێکدێت کە ژمارەی دانیشتوانی (٥,٢٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن و دوو سەد هەزار کەسە . حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەسەڵاتی جێبەجێکاری بە گوێرەی یاساکانی هەرێمی کوردستان پەیڕەودەکات کە لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە داڕێژراون، بەشێوەیەکی دیموکراسی لە لایەن هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردراوە.

زمانی کوردی زمانی فەرمی هەرێمی کوردستانە کە هەردوو زاراوەی سۆرانی و کرمانجی بە دوو زاراوەی سەرەکی زمانەکە دادەنرێت. لە ڕووی ئەکادیمییەوە (١١) یازدە زانکۆی گشتی و چەندین زانکۆی ئەهلی مۆڵەت پێدراو لە هەرێمی کوردستاندا هەن [4].

1) Hutchison, David: Media Policy , Blackwell press, 2005, p (98).

2) Habermas, J: Legitimation Crisis. Boston: Beacon Press, (1993), P (143-144).

٣) دیداری توێژەر لەگەڵ (ئاسۆس هەردی)، هەروەها سایتی ڕۆژنامەی ئاوێنە:
https://www.awene.com/about

٤) پوختەیەک دەربارەی هەرێمی کوردستان، سایتی فەرمی هەرێمی کوردستان، لەم بەستەرە:
http://www.gov.krd/p/page.aspx?l=13&s=050000&r=327&p=238&h=1

# بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

ئەم بەشە لە دووباسدا خراوەتە ڕوو، باسی یەکەم تایبەتە بە ناساندنی چەمك سیاسەتی ڕۆژنامەگەری وقۆناغەکانی، باسی دووەمیش تایبەتە بە ناساندنی قەیران و ئاراستەکانی سیاسەتی ڕۆژنامەگەری لەهەمبەری، بەم شێوەیەی خوارەوە.

## باسی یەکەم: چەمك و قۆناغەکانی سیاسەتی ڕۆژنامەگەری

### یەکەم: چەمکی سیاسەتی ڕۆژنامەگەری

لە سەرجەم ئەو وڵاتانەی کە ڕۆژنامەگەری وەك ئامرازێك بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوون بەکاردەهێنرێت، گرنگترین فاکتەری پشت ئاراستەکردنی ئەو بوارە وەك دەسەڵاتی چوارەم، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ستراتیژ و سیاسەتی پشت دامودەزگا ڕۆژنامەگەرییەکانەوە هەیە و لەسەر ئەو بنەمایە پەیامەکانیان ئاراستە دەکەن، ئەمەش بیروبۆچوونی جیاوازی سەبارەت بە پێناس و دیاریکردنی چەمك و بنەما و پرەنسیپەکانی هێناوەتەئارا.

بەبڕوای پرۆفیسۆر (د.کازم موعتەمەدنەژاد) یەکەمین پێناسی تایبەتمەند بۆ سیاسەتی میدیایی، دەگەڕێتەوە بۆ پەیماننامەکەی ساڵی (١٩٧٢)ی ڕێکخراوی یونسکۆ، تیایدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە: سیاسەتی میدیایی بریتییە لە کۆمەڵێك پرەنسیپ و نۆرم کە بۆ ڕێنوێنی مامەڵەی سیستەمەکانی پەیوەندی گەلاڵە کراون، ئەمەش بەئامانجی ئاراستەکردنێکی بنچینەیی کە بەئاستێکی فراوان و لە چوارچێوەی ڕێساکاندا، ڕێوشوێن و ئامانجە مرۆییەکان لەخۆدەگرێت[١].

بەپێی بۆچوونێکیتر، (سیاسەتی ڕۆژنامەگەری) وەك بەشێك لە سیاسەتی میدیا، واتا چۆنییەتی پراکتیزەکردنی بەرنامەیەکی سیاسی لەناو کۆمەڵگادا[٢].

بە بڕوای شارەزایەکیتر: سیاسەتی ڕۆژنامەگەری بریتییە لە کۆمەڵێك پرەنسیپ و ڕێنوێنی کە بۆ ئاراستەکردنی سیستەمی میدیایی دادەڕێژرێت[٣].

بەپێی بۆچوونێکیتر، سیاسەتی ڕۆژنامەگەریی یاخود پرۆسەی بڵاوکردنەوە، هەوڵدانێکە بۆ داکۆکی لە مەسەلەیەك لە ڕێگەی خستنەڕووی بیروبۆچوونێکی دیاریکراو.. ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە یاریدەدەرێکە بۆ ڕایگشتی لەپێناو خۆڕێکخستنەوە و گوزارشتکردن لە خۆی[٤]. سیاسەتی ڕۆژنامەگەری واتا گرتنەبەری ئاراستەیەك لەپێناو هێنانەدی کۆمەڵێك ئامانجی دیاریکراو لە ماوەیەکی

---

١) معتمد نژاد،کاظم: یونسکو و سیاستگذاری ملی ارتباطات در کشورهای درحال توسعه، فصلنامه رسانه، ١٣٨٣، شماره ٥٨، ص ١٢٦. هەروەها ئەمەش دەقی پەیماننامەکەیە:

Definition of the Cultural and Natural Heritage, available at:

https://whc.unesco.org/en/conventiontext/

2) Hutchison, David: media policy, Blackwell press, 2005. P98.

٣) شعبانعلی بهرام پور: ضرورت تجدیدنظر در سیاستگذاری رسانەای و مطبوعاتی، تهران، فصلنامه رسانه، ١٣٨٣، س١٥، شماره٢، ص١٤.

٤) د.محمد فرید محمود عزت: قاموس المصطلحات الاعلامیة، دار المکتبة الهلال، لبنان، ٢٠٠٨، ص ٢٥٧.

دەستنیشانکراودا، ئەمەش بە پشتبەستن بە بەرنامە و پلان بە مەرجێ دۆخی کۆمەڵگای تیادا ڕەچاو بکرێت[1].

لەدیدی پسپۆڕێکیتری بواری میدیاوە، پرۆسەی سیاسەتی ڕۆژنامەگەری واتا ڕێبازێك لەپێناو بیرکردنەوە دەربارەی چۆنییەتی جیهان و گۆڕینی، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین سەرکەوتنی میدیاش وەك ئامڕازێکی میدیا وابەستە بە جۆری سیاسەتگوزارییەکەیەوە[2].

بەگشتی دەتوانین بڵێین مەبەست لە سیاسەتی ڕۆژنامەگەری واتا: پرۆسەیەکە کە لە ئایدلۆلۆژیا و دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوریی وڵاتێك و بەهاکانییەوە سەرچاوە دەگرێت، هەوڵ دەدات تا ئەم بەها و پرەنسیپانە لە چوارچێوەی کاری ڕۆژنامەگەریدا بگونجێنێ و ئاراستەیان بکات[3].

لەکۆی ئەم پێناسانەی سەرەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەهۆی هاتنەئارای هەلومەرجێکی نوێی ئابوری لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، پرۆسەی گەڵاڵەکردنی سیاسەتی ڕۆژنامەگەری بۆتە ئەرکێکی گرنگی میدیا، چونکە بەبنەمایەکی گرنگ دادەنرێت کە کۆمەڵێك پرەنسیپی تێدایە لەپێناو ئاراستەکردنی پەیامەکانی ڕۆژنامەگەرییو شێوازی مامەڵە لەگەڵ دۆسییە گرنگەکانی جیهانی مۆدێرندا.

**دووەم: قۆناغە گلۆباڵییەکانی سیاسەتی ڕۆژنامەگەری**

ڕۆژنامەگەری لەسەرەتای داهێنانی ئامێری چاپەوە، لەسەر ئاستی جیهان بە کۆمەڵێك قۆناغی گرنگدا ڕۆیشتووە کە کاریگەریشی لەسەر ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی زۆربەی وڵاتان جێهێشتووە.

داهێنانی ئامێری چاپ و گەشەسەندنی تەکنیك بەئامانجی پەرەپێدانی چەندایەتیو چۆنایەتی ڕۆژنامەگەری وەك ئامڕازێکی کاریگەری میدیایی، بەبەرهەمێکی گەورەی شۆڕشی پیشەسازی دادەنرێت[4].

بەمانایەکیتر:ڕۆژنامەگەری لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە، سەرچاوەیەکی گرنگ بووە بۆ بەرهەمهێنانی هۆشیاریی و پەرەپێدانی، واتا ڕۆڵێکی مەترسیدار و لەهەمانکاتدا پڕ بایەخ دەبینێ لە پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵگاکاندا، مێژوو شایەتحاڵە کە چەندین شۆڕشی گەورە لە کۆمەڵگاکانی خۆرئاوادا بەهۆی کاریگەری ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەگەرییەوە هاتۆتەئارا[5].

(دەنیس مەککویڵ) پسپۆڕی ناسراوی میدیـا، سیاسەتگوزاریی میدیای بۆ سێ قۆناغ دابەش

---

١) د.عبدالوهاب کحیل: الرأی العام و السیاسات الاعلامیة، الناشر مکتبة المدینة، مصر، طبعة الثانیة ١٩٨٧، ص ١٠٨.

٢) طاهر روشندل اربطانی: بررسی أسیب شناسانه فرایند سیاستگذاری در سازمان صدا و سیمای جمهوری اسلامی ایران، فصلنامه مدیریت دولتی، ١٣٩٤، شماره ١٠، ص ١.

٣) مایکل هاولت و وام رامش: مطالعه خطمشی عمومی، ترجمه عباس منصوریان و ابراهیم گلشن، چاپ اول، تهران، مرکز أموزش مدیریت دولتی، ١٣٧٢، ص ١٤٣.

٤) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Childress, Diana: Johannes Gutenberg and the Printing Press,2008, P 42

٥) د. یحي عمر ریشاوي: الصحافة و صناعة الوعي، دراسة تطبیقیة علی واقع الصحافة في اقلیم کوردستان العراق، اربیل ٢٠١١، ص ١١٢.

کردووە:

قۆناغی یەکەم: سیاسەتگوزاری پیشەسازی پەیوەندی کە بەرلە جەنگی دووەمی جیهان (١٩٤٥ز) دەستی پێکرد.

قۆناغی دووەم: سیاسەتگوزاری خزمەتگوزاریی گشتی (١٩٤٥ز-١٩٨٠ز).

قۆناغی سێیەم: سیاسەتگوزاری مۆدێرن (١٩٨٠ز) تا سەردەمی ئەمڕۆ.

بە بڕوای ناوبراو: لە قۆناغی یەکەمدا سیاسەتی میدیایی گەیاندنی پەیامەکانی بوو لە ڕێگەی تەلەگرام و تەلەفۆنی بێسیم، هەوڵی دەدا تا بەرژەوەندی دەوڵەتان و کۆمپانیا تایبەتی و بازرگانییەکان بپارێزێت. لەهەمانکاتدا ڕەنگدانەوەی جەنگ و سیاسەت لە میدیادا، ڕۆڵێکی باڵای لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهاندا بینی. لە قۆناغی دووەمدا کە دوای تەواوبوونی جەنگ دەستی پێکرد، سیاسەتگوزاریی میدیاکان هەڵگری کۆمەڵێك پەیامی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و ململانێیەکی توندی سیاسی لەخۆدەگرت و تا کۆتایهاتنی جەنگی ساردی خایاند.

قۆناغی سێیەم کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٨٠ز) و لە ساڵی (١٩٩٠ز)ەوە بەگەرمی هاتەئارا، سیاسەتی میدیایی لە هەناوی پرۆسە کۆمەڵایەتی و ئابوری و تەکنەلۆژییەکانەوە گەشەی کرد، پەیامەکەی هەڵگری پەیامی دیموکراسی و مۆدێرنە و لەهەمانکاتدا ململانێی توندی بەرژەوەندی دەوڵەتان و کەرتی تایبەت بوو[1].

لەم قۆناغەدا و لەدوای پرۆسەی جیهانگەرایی و کاریگەرییەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەسەر گشت کایەکانی مرۆڤایەتی، هەلومەرجێکی نوێی هێناوەتەدی کە بە قۆناغی مۆدێرینی ڕۆژنامەگەری دادەنرێت، ئەویش بایەخدانە بە ڕایگشتی کۆمەڵگا.

ئەم قۆناغە نوێیەش لەسەر بنەمای دوو ئاراستە کار دەکات، یەکەمیان مامەڵەی دروست لەگەڵ مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگا، ئەویش لەڕێگەی خستنەڕووی زانیاری دروست و سەربەخۆیی لە پرۆسەی کاری ڕۆژنامەگەرییدا. ئاراستەی دووەم بەرهەمهێنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست و لیبراڵە تا بیروباوەری جیاواز بتوانن گوزارشت لە خۆیان بکەن، دەرفەتێکیش بۆ ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوون سەبارەت بە ڕووداوەکانی کۆمەڵگا بڕەخسێنرێت. لەتەك گەیاندنی هەواڵ و زانیاریشدا، لەو قۆناغەدا و بەپێی ئەم ئاراستەیە ڕۆژنامەگەری دەبێ لە ڕێگەی گەشەپێدانی بیروبۆچوونی جیاوازەوە، ڕۆڵێکی سەرەکی لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵگادا بگێڕێت[2].

کەواتە بواری ڕۆژنامەگەریی لەژێر کاریگەری ستراتیژ و ژینگەی کارکردندایە، هەر ئەم فاکتەرەش بۆتەمایەی جیاوازی لە ئاراستەکانی سیاسەتی دەزگاکانی میدیا، بەپێی هەلومەرجی کات و شوێنیش گۆڕانکاریی بەسەر پەیامەکانیاندا دێت.

1) Cuilenburg , J Van van and McQuail ,Denis, (2005) ,Media Policy Paradigm Shifts, SAGE Publications, P 180.

2) Hemerijck ,A.C.,(2004), Media Policy for the Digital Age, Amsterdam University Press, P 67.

## باسی دووەم: قەیران و ئاراستەی سیاسەتی ڕۆژنامەگەری

### یەکەم: قەیران، چەمك و ڕەهەند و قۆناغەکانی

#### ا- چەمکی قەیران

چەمکی (قەیران) بەهۆی ئاڵۆزی ڕەهەندەکانییەوە، مشتومڕی زۆر لەسەر پێناس و ئاست و هۆکاری هاتنەئارای هەیە. قەیران لە بنەڕەتدا لە چەمکی (Krinon)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە بەمانای (خاڵی گۆڕان) دێت بەتایبەت لە ساتی نەخۆشیدا، هەروەها ئاماژەیە بۆ هاتنەئارای ساتەوەختی مەترسی لە مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکاندا[1].

(منیر البعلبکی) لە فەرهەنگە بەناوبانگەکەیدا لەو باوەڕەدایە: قەیران واتا گۆڕانکارییەکی کتوپڕ[2].

هەروەها (د.حەسەن ئەنوەری) لە فەرهەنگەکەیدا بەم چەشنە پێناسی دەکات: قەیران واتا گرفتێك، مەترسییەك، کردەیەك یاخود فەرمانێك کە ببێتەمایەی تێکچوونی هاوسەنگی و دۆخێکی نائاسایی بخولقێنێ[3].

سەبارەت بەپێناسی ئەو چەمکە، بەبڕوای پسپۆڕان دیاردەی قەیران واتا هەلومەرج و دۆخێکی نائاسایی کە ڕووبەڕووی هاوڵاتیان و گروپ و دامەزراوەکان و کۆمەڵگا دەبێتەوە، بەشێواز و میتۆدە باوەکان ناتوانرێ بەگژیدا بچنەوە، بەوهۆیەوە نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەکی بەرفراوان لەو دیاردە کتوپڕانەوە بۆ کۆمەڵگا دێنەئارا[4].

بەپێی پێناسێکیتر، قەیران واتا سەرهەڵدانی دۆخێکی نائاسایی و ناباو لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا، یاخود شڵەژانێکی کتوپڕە لە بوارێك یا چەند بوارێکی سیستەمێکدا، بەشێك یا چەند لایەنێکی دامەزراوەیەك دەگرێتەوە[5].

لە کۆی ئەم پێناسانەدا دەگەینە ئەو باوەڕەی کە قەیران بە هەموو چەشنەکانییەوە- زادەی هەلومەرجێکی نائاساییە و بەهۆی کۆمەڵێك قاکتەری ناوخۆیی و دەرەکییەوە دێتەئارا، کاریگەریش لەسەر کۆی سێکتەرە مەدەنی و فەرمییەکانی وڵاتێك جێدەهێڵێت.

#### ب-پۆلێنە جۆراوجۆرەکانی قەیران

بەبڕوای پسپۆڕان، دیاردەی قەیران بەپێی (سەرهەڵدان، کات، ئاست و ناوەڕۆك) دەتوانرێ بۆ چەندین جۆر پۆلێن بکرێت کە دەروازەیەکە بۆ تێگەیشتن لە ئاستی کاریگەریو مەترسییەکانی، ئەمەش یاریدەدەرێکی گرنگە بۆ گرتنەبەری ستراتیژی بەڕێوەبردنی قەیران.

- قۆناغەکانی قەیران: قەیران لەڕووی پلەکانی پەرەسەندنی، بۆ چوار ئاست پۆلێن دەکرێت:

1) John E. Spillon and William Rick Crandall; “Crisis Planning in the Nonprofit Sector: Should Occur?Southern Business Review; spring, 2002; P 18.

٢) منير البعلبكى: المورد، دارالعلم للملايين- بيروت ٢٠٠٤، ص ٢٣١.

٣) د. حسن انوري: فرهنگ سخن، جلد دوم، چاپ هفتم، ١٣٩٠، ص ٨٣١

4) Both. S. A (1993), Crises Management Strategy, London, Rutledge, P 86.

٥) حسين حسينى: مديريت بحران، انتشارات ناجا، تهران، ١٣٨٨، ص ٢٥.

١-سەرهەڵدان: قۆناغی بەرایی قەیرانە کە هیچ جۆرە کاردانەوەیەکی توندوتیژی تێدا نییە، لە ڕاستیدا تەنها لەیەکترازانی مەسەلەیەك یا پەیوەندییەکانی نێوان دوو دەوڵەت و زیاترە.
٢-پەرەسەندن و تاوسەندن: قەیران لەم قۆناغەدا دژوارتر دەبێ و دەگاتە باڵاترین ئاستی خۆی، ئەگەری جەنگ و پێکدادانیش دێتەئارا.
٣-کەمبوونەوەو داکشان: ئاستی قەیران و لێکەوتەکانی بەرەو کەمبوونەوە دەچێت.
٤-کاریگەریو دەرەنجامەکانی: دوای کۆتایهاتنی قەیران، دەرەنجامەکانی قەیرانەکە کاریگەری لەسەر سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان جێدەهێڵێت(١).
-پۆڵێن بەپێی جۆر و ئاست: دیاردەی (قەیران) بەپێی بابەت و ناواخنەکەی، چەند جۆرێکە:
قەیرانی ئابوری: تێکچوونی هاوسەنگی نێوان داهات و بەکاربردنە، دەشێ کەرتێك یاخود چەند بوارێکی دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان بگرێتەوە.
قەیرانی سیاسی: ئاماژەیە بۆ ململانێی توند و ڕوودانی جەنگ و ئاژاوە کە ببێتەمایەی کوشتار و ئاوارەیی و تێکچوونی شیرازەی وڵات.
قەیرانی دامەزراوەیی: هاتنەئارای گیروگرفتە لە سیستەمی بەڕێوەردن و کارگێڕی کە وەك پێویست ناتوانێ ئەرکەکانی پراکتیزە بکات.
قەیرانی سەربازی: بەهۆی کودەتا و هاتنەئارای دەسەڵاتێکی سیاسی یان گروپێکی میلیتارییەوە لە ناوخۆی وڵاتێکدا دێتەئارا.
قەیرانی تەکنەلۆژی: بریتین لەو قەیرانانەی لەژێر کاریگەری ڕووداوی زانستی وەك بڵاوبوونەوەی ماددەی کیمیایی و ژەهراوی یا بەهۆی گۆڕانی تەکنەلۆژیاوە دێتەئارا(٢).
لەڕووی ئاستیشەوە، دیاردەی قەیران لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتە (واتا دامەزراوەکانی ناوخۆ) یاخود دەرەکییە (واتا پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان دەگرێتەوە کە کاریگەری لەسەر ناوخۆ جێدەهێڵن)(٣).
- پۆڵێن لەسەر بنەمای (کات): بەبڕوای (تاڵکۆت پارسۆنز) قەیران لەڕووی (کات)ەوە سێ جۆرە:
١-قەیرانی کتوپڕ و لەناکاو (Abrupt Crisis): هیچ جۆرە نیشانە و ئاماژەیەکی هۆشداری لەگەڵدا نییە و وەك کارەساتە سروشتییەکان بەشێوەیەکی کتوپڕ ڕوودەدەن، ئەم دیاردانە کاریگەریی نیگەتیڤ لەسەر دۆخی ئابوری وڵات جێدەهێڵن.
٢-قەیرانی کەڵەکەبوو (Cumulative Crisis): ئەم جۆرە قەیرانە بەشێوەی پلەپلەیی دێتەئارا، دەتوانرێ بەپێی پلان و بەرنامەیەکی سیستەماتیك سنوردار بکرێت.
٣-قەیرانی درێژخایەن: لەڕووی کاتەوە درێژمەودایە، ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم جۆرە

---

١) عباسعلی کرمخانی- امیر شهرکی: مدیریت بحران در نظام بانکي، انتشارات بانك سپه، ١٣٩٠، ص ٩.
٢) رضوانی، حمید رضا: تلفیق مدیریت بحران در راهبردهای سازمان، تهران، ماهنامه تدبیر، سال هجدهم، شماره ١٧٧، ص ٢٠.
3) John E. Spillon and William Rick Crandall: Crisis Planning in the Nonprofit Sector: Should Occur? Southern Business Review; spring, 2002, P 18.

قەیرانە لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا، وابەستەیە بە فشاری (کات) و بەرفراوانی کۆنترۆڵ و قەوارەکەی[١].

لەهەمانکاتدا (مەك کۆنکی) لەو باوەڕەدایە: شێوازی قەیرانی درێژخایەن یا هەنگاو بە هەنگاو، دەتوانرێ پێشبینی بکرێت و خاڵی دەستپێکی دیارە، بەپێی تێپەڕبوونی کاتیش مەترسییەکانی زیاتر دەبێت، فاکتەرەکان دەگەڕێتەوە بۆ نەگونجانی دۆخی وڵات یا دامەزراوەیەك لەگەڵ ژینگە و هەلومەرجی کۆمەڵگادا[٢]. سەبارەت بەقۆناغی پەرەسەندنی (قەیران) هەر لەسەر بنەمای (کات)، بەپێی بۆچوونێکیتر ئەم سێ ئاستەی هەیە:

١-بەرلە قەیران (pre-crisis): هەلومەرجێکە کە دەبێتەمایەی سەرهەڵدانی قەیران.

٢-قەیران (crisis): ساتەوەختی تەنگژە و ڕووداوەکانە.

٣-دوای قەیران (post- crisis): کاتی هەڵسەنگاندن و کۆتاییهێنان بەتەنگژە و قەیرانەکەیە[٣].

بە سەرنجدان لە سەرجەم ڕەهەندەکانی دیاردەی قەیران، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە وڵاتانی جیهان لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە ڕووبەڕووی مەترسییەکانی ئەم دیاردەیە بوونەتەوە، واتا هیچ کۆمەڵگایەك لە دەرەوەی هەڕەشەدا نییە. لە هەرێمی کوردستانیش هەرچەندە قەیرانێکی کەڵەکەبووی یاسایی، ئابوری، دامەزراوەیی لە ئارادا بوو، بەهۆی گرژی و ئاڵۆزی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغداد، قەیرانێکی کتوپڕی ئابوریی هاتەئاراوە کە کاریگەری لەسەر کۆی سێکتەرەکانی کۆمەڵگا جێهێشت. بواری ڕۆژنامەگەریش وەك دەسەڵاتی چوارەم کە ڕۆڵێکی گرنگی لە یەکلاکردنەوەی گیروگرفت و ئاراستەکردنی ڕایگشتی هەیە، بەپێی ستراتیژی خودی میدیاکە هەوڵ دەدا قەیران بەرەو چارەسەر ببات، ئەمەش بۆ کۆمەڵگای کوردی و میدیاکانی جێگەی هەڵوێستەیە کە دواتر شرۆڤەی دەکەین.

**دووەم: ئاراستەکانی (سیاسەتی ڕۆژنامەگەری) لەهەمبەر دیاردەی (قەیران)**

ئەمرۆ بوارێکی گرنگی مامەڵە لەگەڵ ئەو قەیرانانەی دێنەئارا، بریتییە لە سیاسەت و ئاراستەی ڕۆژنامەگەری کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر جەماوەر و کۆمەڵگا هەیە.

بواری ڕۆژنامەگەری دەتوانێ لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکان، ئەرکێکی گرنگ بۆ بەڕێوەبردنی قەیران و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی بگرێتەئەستۆ، سیاسەتی دامودەزگا ڕۆژنامەگەرییەکان لەهەمبەر دیاردەی قەیراندا بۆ (٤) چوار جۆر پۆلێن دەکرێت[٤]:

ا-سیاسەتی بێدەنگی و سستی (Inactive): لەم شێوازەدا، بواری ڕۆژنامەگەری هەوڵ دەدات

١) سید سجاد فالی: اصول و مقدمات مدیریت بحران، نشر پلك، چاپ اول ١٣٩٤، ص ٥.

2) Mc Conkey, Dale: Planning for Uncertainty, Business Horizons Journal ; Vol 30, 1987; P. 94-95.

٣) د.حسن بشیر: رسانەها و معناشناسی بحران، فصلنامە علمی پژوهشی پژوهشهای ارتباطی، سال پانزدهم، ١٣٨٧، ص ١٦.

٤) د.طاهر روشندل اربطانی: نقش مدیریت رسانە در تحول بحران از تهدید بە فرصت، مجلە پژوهشهای ارتباطی ١٣٨٧، شمارة ٥٥، ص ١٥٣-١٥٤.

لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیراندا بێدەنگی هەڵببژێرێ، لە هەر کاردانەوەیەکیشدا بەرامبەر قەیران جۆرە نکۆڵی یاخود خۆهەڵبواردنی تێدایە. لایەنگرانی ئەم ستراتیژە لەو باوەڕەدان کە بواری ڕۆژنامەگەری بە وروژاندنی ئەو مەسەلانە، دەبێتەمایەی هەستیارترکردنی بارودۆخ.

ب-سیاسەتی بەرپەرچدانەوە (reactive): ئەم ستراتیژە جەخت لەسەر بایەخی وەڵامدانەوەی فشار و جموجۆڵەکان دەکاتەوە کە هەڕەشە لە ژینگەی کار دەکەن، دامەزراوەکانی ڕۆژنامەگەریش هان دەدات تا پارێزگاری لە بوارەکەی خۆی بکات[1].

ج-سیاسەتی کارایی (active): لەم ئاراستەیەدا، بواری ڕۆژنامەگەری ستراتیژێکی چالاکانە لەهەمبەر قەیراندا دەگرێتەبەر، بەشێوەیەکی کارا سەرقاڵی کۆنترۆڵی قەیرانەکە دەبن، واتا شرۆڤە و تاوتوێی دۆخەکە دەخەنەڕوو و دەستەبژێری لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکاندا ناکەن، لەهەمانکاتدا چارەسەر و پلانی پێویستیش دەخەنەڕوو.

د-سیاسەتی پڕچالاکی (Proacitve): لەم ئاراستەیەدا، وێڕای جەختکردنەوە لەسەر دۆزینەوەی دەرفەتی تازە و خستنەڕووی دوورنمای نوێ، ڕووبەڕووی قەیرانەکانیش دەبنەوە، لەم پێناوەشدا، بەرنامە و پێشبینی پێویست دەخەنەڕوو.

تاوتوێی سیاسەتی ڕۆژنامەگەریی لەهەمبەر قەیران بەپشتبەستن بەمیتۆدی زانستی، بنەمایەکی گرنگە بۆ بەرنامەڕێژی لەپێناو کەمکردنەوە و بنبڕکردنی دەرەنجامە مەترسیدارەکانی ئەو دیاردەیە و پلاندانان بۆ قۆناغەکانی ئایندە. بۆ ئەو مەبەستەش لە بەشی سێیەمدا یەکێك لە گرنگترین شێوازەکانی

سیاسەتی ڕۆژنامەگەری لەهەمبەر قەیران تاوتوێ دەکەین کە ئەویش قەیرانی دارایی و لێکەوتەکانییەتی.

---

١) بەگژداچوونەوەی قەیران لەو ڕوانگەیەوە بۆ ڕۆژنامەگەری مەسەلەیەکی ژیارییە کە دووچاری دەبن، داخرانی چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار لە هەرێمی کوردستان لە گەرمەی قەیرانی داراییەکەدا بەڵگەن بۆ ئەم بۆچوونە، بەپێی ڕاپۆرتی گشتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بۆ ساڵانی (٢٠٠٨-٢٠١٨)، ڕێژەیەکی زۆری کەناڵ و ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتە کوردییەکان بەهۆی قەیرانی دارایی وەستاون. بڕوانە: ئەنوەر حسێن، پەرژین ئەحمەد: ڕەوشی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان (٢٠٠٨-٢٠١٨)، بڵاوکراوەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ٢٠١٩.

# بەشی سێیەم: چوارچێوەی پراکتیکی

ئەم بەشە لە دووباسدا خراوەتە ڕوو، باسی یەکەم تایبەتە بە توێژینەوە لە سیاسەتی ڕۆژنامەگەری کوردی لەهەمبەر قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان کە (هەفتەنامەی ئاوێنە) بە نموونە وەرگیراوە، باسی دووەمیش تایبەتە بە بەرهەمهێنانی مۆدیلێك بۆ سیاسەتی ڕۆژنامەگەری لە ساتی قەیراندا. بەم شێوەیەی خوارەوە.

**بەرایی:**

هەرێمی کوردستان بەپشتبەستن بە دەستوری نوێی عێراق کە لە ساڵی (٢٠٠٥ز)دا بە ئامادەبوونی نوێنەرانی کورد لە پارلەمانی عێراق داڕێژرا و لە گشتپرسییەکدا پەسەند کرا، بە بەشێك لەو دەوڵەتە نوێیەی عێراق دادەنرێت کە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە (٩ی نیسانی ٢٠٠٣ز)دا بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ئەمریکا و هاوپەیمانان بونیادنرایەوە.

پرۆسەی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لەدوای دەستوری نوێوە، بە گەلێك قۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە، سەرهەڵدانی ململانێیەکی توند لەسەر پشکی ئابوریی کورد لە حکومەتی نوێی عێراق، بووەمایەی هەڵپەساردن و ساردبوونەوەی پەیوەندی هەردوولا، فاکتەری ئەم گرفتەش دەگەڕایەوە بۆ دۆسییەی ئابوری، چونکە (حەیدەر عەبادی)ی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق لە لێدوانێکدا هەرێمی کوردستانی بەوە تۆمەتبار کرد کە دەیانەوێ نەوتی خۆیان هەناردەی دەرەوە بکەن و لەپاڵ ئەوەشدا لە ١٧%ی بودجەی عێراق بەدەست بهێنن. لەکاتێکدا بەرپرسانی حکومەتی هەرێم ڕایانگەیاند: ڕێژەی لە ١٧% بۆ کورد دابین نەکراوە، بەڵکو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پراکتیکدا تەنها لە ١٠%ی بودجەی عێراقی وەرگرتووە[١]. ئەم ململانێیە بووەمایەی ڕاگەیاندنی سیاسەتی (ئابوریی سەربەخۆ) لەلایەن (نێچیرڤان بارزانی)ی سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێم. دەوڵەتی عێراقیش وەك کاردانەوەیەك دژ بەم بڕیارە، هەناردەی بودجەی کوردستانی لە بەغدادەوە ڕاگرت، نەبوونی پاشەکەوتی بانکی و نالەباری هەلومەرجی نوێی سیاسی، قەیرانێکی ئابوریی لە هەرێمی کوردستان خوڵقاند. بە مانایەکیتر ئابوری کە بە ژێرخانی وڵات دادەنرێت دووچاری قەیران بووە، ئەم قەیرانەش کۆی سێکتەر و بوارە گرنگەکانی کۆمەڵگای کوردی گرتەوە و چەندین گیروگرفتی هەمەلایەنەی هێنایەئارا.

بە بڕوای (د.عیزەت سابیر) سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان هۆکاری سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لەڕووی فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکییەوە دەگەڕێتەوە بۆ:" حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك پێویست گرنگی نەداوە بەکەرتە ئابوورییەکانی تری وەك (کشتوکاڵ، پیشەسازیو گەشتیاریو...هتد)، بۆئەوەی ببێتە هۆکارێك بۆ دابینکردنی داهاتی ناوخۆیی بۆ پڕکردنەوەی خەرجییە گشتیەکانی حکومەت. لە ڕووی فاکتەری دەرەکیشەوە:" لەبەر ئەوەی

---

١) سایتی ڕووداو: کاردانەوەی کێشەکانی هەولێر وبەغدا لە میدیا جیهانییەکاندا، ٢٠١٤/١/٢١، لەم بەستەرە:
http://www.rudaw.net/NewsDetails.aspx?PageID=33586

(٩٥%)ی داهاتی هەرێمی کوردستان لەبەشە بودجەی (١٧%)ی بەغداوە دێتو حکومەتی بەغدایش لە ساڵی (٢٠١٤)دا بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی نەناردووە، بۆیە هەرێمی کوردستان تووشی قەیرانی داراییو کەمی پارەی بانکەکانو دواکەوتنی مووچەی مووچەخۆران هاتووە."[١].

هاوکات لەژێر کاریگەری و دەرەنجامەکانی ئەم گۆڕانکارییانەدا، (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٦ز)دا "سیاسەتی تەقەشوف و کەمکردنەوەی خەرجی لەکۆی سێکتەرەکانی هەرێم کوردستان"[٢] ڕاگەیاند، بەمەش قەیرانێکی هەمەلایەنە هاتەئارا کە کاریگەری نیگەتیڤی لەسەر کۆی بوارەکانی کۆمەڵگا جێهێشت.

## باسی یەکەم: ئەرکەکانی ڕۆژنامەگەریی لە سەردەمی قەیراندا

لە سەرەتای ڕاگەیاندنی (سیاسەتی تەقەشوف) لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی کانوونی دووەمی (٢٠١٦ز)دا، بواری میدیای کوردی بەتایبەت ڕۆژنامەگەریی ئەهلی و سەربەخۆ، بەئاستێکی بەرفراوانتر ژانرەکانی خۆی (وەك: هەواڵ، ڕاپۆرتو بەدواداچوون، وتار...) لەسەر تەوەرەکانی پەیوەندیدار بەقەیرانی هەمەلایەنەی هەرێمی کوردستان چڕکردەوە.

توێژەر بابەتەکانی (هەفتەنامەی ئاوێنە)ی وەك سامپڵ بۆ سیاسەتی ڕۆژنامەگەری لەهەمبەر قەیران وەرگرتووە. بەمەبەستی شەنوکەوی سیاسەتی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەهەمبەر قەیران، توێژەر بەپێی گرنگترین ئەرکەکانی ڕۆژنامەگەری و بەپشتبەستن بە بۆچوونەکانی (هارۆڵد لاسوێل Harold Laswell) و (ویلبەر شرام W.Schramm)[٣] و (د.فەرەیدوون وروودی‌نەژاد)ی پسپۆڕی بواری میدیای قەیران، ئاستی بایەخدان بەقەیرانی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا پۆلێن کردووە، ئەو ئەرکانەش بریتین لە[٤]:

### ١-ڕۆڵی چاودێری (Surveillance Role):

ئەرکێکی گرنگی ڕۆژنامەگەری، بریتییە لە چاودێری ئەو دۆسییە گرنگانەی لە وڵاتێکدا ڕوودەدەن و کاریگەریی لەسەر هاوڵاتیان و کۆمەڵگا جێدەهێڵن.

بە بڕوای پسپۆڕان، ڕۆژنامەگەری دەبێ هەوڵ بۆ خستنەڕووی ڕاستییەکان بدات، چونکە

---

١) د.عززەت سابیر: هۆکارەکانی قەیرانی دارایی لەکوردستان، سایتی ئەنجومەنی ناوەند، لەم بەستەرە:
http://pukcc.net/%D9%87%DB%86%D9%83%D8%A7%D8%B1%DB%95%D9%83%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D9%82%DB%95%DB%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D8%AF%D8%A7%D8%B1%D8 %A7%DB%8C%DB%8C-%D9%84%DB%95%D9%83%D9%88%D8%B1%D8%AF%D8%B 3%D8%AA%D8 %A7/

٢) نێچیرڤان بارزانی: بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی داراییدا، سیاسەتی فریاگوزاریی تەقەشوف جێبەجێ دەکەین، سایتی حکومةتی هةرێمی کوردستان، ٢٠١٦/١/٢٧، لەم بەستەرە:
http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=040000&l=13&a=54163

3) Laswell, H. D. (1949). The structure and function of communication in society. InW. Schramm (Ed.), Mass communications (pp. 102–115). Urbana: University of Illinois Press.

٤) د.فریدون وروودی نژاد: مدیریت بحران رسانەها، انتشارات دانشگاه تهران، چاپ اول ١٣٨٨، ص١٣٣.

حەشاردانی داتا و زانیاریی تا دەگاتە هەڵە و کەموکوڕییەکان، دەبێتەمایەی بەلاڕێداچوونی ئاراستەی ڕۆژنامەگەری، واتا هەرجۆرە خۆپارێزییەك لە ڕوومالّی ئەو زانیارییە گرنگانەی سەبارەت بەڕووداوێك یا کارەساتێکی گرنگ، قەوارەی زیانەکانی دیارەد و ڕووداوەکان زیاتر دەکات[1].

هەفتەنامەی (ئاوێنە) لە ماوەی (٦) شەش مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠١٦ز)دا کە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانێکی هەمەچەشنە بۆوە، هەر لە دەستپێکی ئەو ساڵەشدا حکومەتی هەرێم بەفەرمی سیاسەتی تەقەشوفی ڕاگەیاند، لە چەند ڕوویەکەوە (ڕۆڵی چاودێر)ی لە قەیرانەکەدا گێڕاوە وەك:

-مەترسی دارِمان و هەرەسی دامودەزگاکانی حکومەت[2].

- ئاشکراکردنی دیاردەکانی گەندەڵی و ڕۆتین[3].

-خستنەڕووی داتا و زانیاری مەترسیدار دەربارەی بەهەدەردانی سامانی گشتی[4].

-قۆرغکردن و چڕکردنەوەی دەسەڵات[5].

-وروژاندنی دۆسییەکانی پەیوەست بە کەمبوونەوەی داهات و هەرەسی ئابوری[6].

-کەمتەرخەمی لە پرۆژەکانی بونیادنان و ئاوەدانکردنەوە[7].

-داگیرکردنی موڵك و ماڵی گشتی[8].

---

1) 28th Annual Wrokshop on Hazards Research and Applications, National Hazards Research and application information Center, University of Colorado, USA.2003.

٢) ئاوێنە: دۆخی هەرێم بەرەو خراپتر دەروات (مانشێتی لاپەرە یەك). د.نوری عوسمان: بۆ موچەی مانگی ٩ هیچ پارەیەکمان لەبەردەست نەماوە، ژمارە (٥١٢)، سێشەممە ٢٠١٦/١/١٩.

٣) ئاوێنە: دەیان ملیار دیناری ٢٥ هەزاری بە کوردستان دەبرێتە دەرەوە، مانشێتی سەرەکی لاپەرە یەك، ژمارە ٥١٦، سێشەممە، ٢٠١٦/٢/١٦، لا ١

-ئاوێنە: وەزیری پێشووی پێشمەرگە: بندیوارێکی زۆر هەیە لەناو هێزەکانی پێشمەرگە، ژمارە٥١٧، سێشەممە ٢٠١٦/٢/٢٣، لا ١٨.

-شۆرش محەمەد: لە زاخۆ پرۆژەی کۆمپانیایەك٨٠٠ دۆنم زەوی هاوڵاتیان داگیر دەکات، ئاوێنە،ژمارە ٥٢٩، ٢٠١٦/٥/٢٤، لاپەرە یەك.

٤) ئاوێنە:١٠٦ ملیار دیناری بودجە دەدرێت بەموچەی خانەنشینی، ئا:هێمن کەریم، ژمارە (٥٣٤)، سێشەممە ٢٠١٦/٦/٢٨، لا٥.

٥) ئاوێنە: ئەنجومەنی وەزیران قەیرانی دارایی بەسیستەمی مەرکەزی چارەسەر دەکات، ئا:هیوا کازم، ژمارە (٥٣٤)، سێشەممە ٢٠١٦/٦/٢٨، لا٢.

٦) عەبدولستار مەجید: ١٢٣٤ کێڵگەی پەلەوەر ئیفلاسیان کردووە، ئا:وریا حسێن، ئاوێنە، ژمارە (٥١١)، سێشەممە ٢٠١٦/١/١٢، لا ٨. یاخود

-وریا جەمال: ٦ هەزار پرۆژە و زیاتر لە ٣ هەزار کارگە لە کارکردن وەستاون. ژمارە (٥١٢)، سێشەممە ٢٠١٦/١/١٩، لا٨.

٧) ئیمان زەندی:دروستکردنی سایلۆکەی قەزای شارەزوور بۆتە خەونی جوتیاران و نایەتەدی، ئاوێنە، ژمارە (١٠)، سێشەممە ٢٠١٦/٦/٢٨، لا٦.

٨) شاهۆ ئەحمەد: کۆیە، شاری بێ حاکم. ئاوێنە، ژمارە (٥١٢)، سێشەممە ٢٠١٦/١/١٩، لا٦.

-چاودێریی دۆخی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی دیاردەی مەترسیدار لە کۆمەڵگادا[١].
وروژاندنی ئەم تەوەرە گرنگانەی سەرەوە لە هەواڵ و ڕاپۆرت و بەدواداچوونی بنکۆڵکاریی لە (هەفتەنامەی ئاوێنە)دا، ئاماژەیەکی گرنگە بۆ بایەخدانی هەمەلایەنەی لێکەوتەکانی ئەو قەیرانە ئابوریی و سیاسییەی لە هەرێمی کوردستاندا هاتۆتەئارا.

**٢-ڕۆڵی فێرکاری و ڕاهێنان (Training Role)**

هەوڵدان بۆ هاندانی کۆمەڵگا لەڕێگەی بەهێزکردنی سیستەمی فێرکاری و ڕاهێنانی کۆمەڵگا، بنەمایەکی گرنگی سیاسەتی ڕۆژنامەگەرییە بۆ مامەڵە لەگەڵ سێکتەرە گرنگەکانی ژیانی هاوڵاتیان. بە مانایەکیتر، تاوتوێ و شرۆڤەی بیروبۆچوون و ئاراستە جیاوازەکان، خستنەڕووی زانیاری و هەواڵی دروست لەبارەی ئەو مەسەلانەوە، هەوڵێکی کاریگەرە بۆ گەڵاڵەکردنی پرۆگرامێك لەپێناو کۆنترۆڵکردنی قەیران، ئەمەش پێویستی بە زانیاری دروست هەیە لەپێناو فێرکردن و ڕاهێناندا[٢].
هەفتەنامەی (ئاوێنە) لەماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا، هەرچەندە بایەخێکی تەواوەتی بەپەرەپێدانی سیستەمی فێرکاری و ڕاهێنان نەداوە تا لەگەڵ سیاسەتی فەرمی حکومەتی هەرێم بۆ تەقەشوف، هاوڵاتیان هەوڵ بدەن خۆیان لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیەدا بگونجێنن.
لەهەمانکاتدا چەند تەوەرەیەکی گرنگی تایبەت بە شێوازی فێربوون و ڕاهێنانی سیستەمی چاکسازی، پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن و پەروەردە، هەوڵدان بۆ وروژاندن و هێنانەئارای بابەتی پشك و قەواڵە بۆ چارەسەری قەیرانی ئابوری خستۆتەڕوو[٣].

**٣-ڕۆڵی ڕێنوێنی و ڕێبەرایەتی (Leadership Role)**

هاتنەئارای قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان، سەرجەم بوارەکانی ژیانی خستە ژێر کاریگەریی خۆی، پرۆسەی ئاڵوگۆڕی زانیاری و بۆچوونیش لەساتی قەیراندا بەهۆی ئامرازەکانی میدیاوە، ڕۆڵی لەسەر ڕایگشتی جەماوەر و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو قەیرانەدا هەبوو.
بە بڕوای (مەك کارتی) ئەرکێکی گرنگ لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی قەیران، بریتییە لە ڕێنوێنی و

١) وریا جەمال: قەیرانی دارایی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو دارمان دەبات، ژمارە (٥١٢)، سێشەممە ٢٠١٦/١/١٩، لا ٨
-ئاوێنە: باندێکی دزی و دەستدرێژی لەئەزمەر و گۆیژە سەرهەڵدەدات، ئاوێنە ژمارە (٥١٣)، سێشەممە ٢٠١٦/١/٢٦، لا .

2) Ashcroft, l.s:crisis management-public relation, journal of managerial psychology, NO 5,1997, P 329

٣) بۆ نمونە:
-ئاوێنە: وەزارەتی پەروەردە کۆنفرانسی تایبەت بە پرۆگرامەکانی خوێندن دەبەستێت، دیدارێك لەگەڵ کاوە عومەر، ژمارە ٥١٥، سێشەممە، ٢٠١٦/٢/٩، لا١٦.
-ئەبوبەکر عەلی: ئاسایشی ئابوری هەرێم لەنێوان هەرەشەو دەرفەتدا، ئاوێنە، ژمارە٥٣١، ٢٠١٦/٦/٧، لا ١.
-دیدارێك لەگەڵ د.نیاز نەجمەدین:پشك و قەواڵە ڕێگەیەك بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی، هەمان ژمارە.

ڕێبەرایەتی لەپێناو دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی شیاو بۆ نەهێشتنی هەلومەرجێکی نائاسایی بەمەبەستی پاراستن و فەراهەمهێنانی بەرژەوەندی و بەها بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا.

ناوەرۆکی بابەتەکانی (هەفتەنامەی ئاوێنە) کە لەبارەی ڕێنوێنی و ڕێبەرایەتی لەهەمبەر مەترسییەکانی قەیرانەکاندا، بۆ سێ جۆر پۆلێن دەکرێن:

-بڕەودان بە هاریکاریی و یارمەتی جەماوەر بۆ دامودەزگا مرۆییەکان[١].

-خستنەڕووی چارەسەری یاسایی بۆ گیروگرفتە ئابورییەکان[٢].

-شرۆڤەی ڕەهەندەکانی قەیران و لێکەوتەکانی لە کۆمەڵگادا[٣].

لەهەمانکاتدا ئەوەی جێگەی ڕەخنەیە، هەفتەنامەی (ئاوێنە) نەیتوانیوە وەك پێویست شرۆڤە و بابەتی گرنگ دەربارەی دەربازبوون لە قەیران بڵاوبکاتەوە یا دیدار لەگەڵ پسپۆڕانی بواری بەڕێوەبردنی قەیراندا ساز بدات بەئامانجی دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ گیروگرفتەکان.

### ٤-ڕۆڵی گواستنەوەی کلتور (Transmission Role)

ئەمڕۆ دامودەزگاکانی میدیا بوونەتە گەورەترین ئامرازی گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری کۆمەڵگاکاندا، بەشێکی گەورەی ئەم ئاڵوگۆڕەش، گواستنەوەی ئەزموونی پێشکەوتووی وڵاتانە.

(دەنیس مەککویڵ) لەو باوەڕەدایە ئەرکی گرنگی میدیاکان بریتییە لە بەرهەمهێنانی کلتوری مۆدێرن و پەرەپێدانی لەناو کۆمەڵگادا[٤].

هەفتەنامەی (ئاوێنە)، هەندێ بابەتی لەبارەی ئەزموونی وڵاتان دژ بەگەندەڵی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام بەڕێژەیەکی زۆرکەم بایەخی بە کلتوری خۆڕاگری و بەرەنگاری لەهەمبەر (قەیران) و گواستنەوەی ئەزموونی وڵاتانیتر داوە کە قۆناغی قەیرانیان تێپەڕاندووە. لەکاتێکدا زێدەڕۆیی لەبەکاربردنی داهات بۆ کاری لاوەکی، یەکێکە لەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییانەی لە هەرێمی کوردستاندا باوە[٥].

### ٥-ڕۆڵی سەرگەرمی و کاتبەسەربردن (entertainment Role)

ئەرکێکی گرنگی ڕۆژنامەگەری وەك ئامرازێکی گرنگی میدیا، بایەخدانە بە بواری سەرگەرمی و

١) ئاوێنە: بازاری هیوا، هیوا بە نەخۆشانی شێرپەنجە دەبەخشێت، هەورامییەکان بە گوێز هاوکاری نەخۆشخانەی هیوا دەکەن، وریا حسێن: ئاوێنە، ژمارە ٥٣٤، ٢٠١٦/٦/٢٨، لا ٤١.

٢) ئاراس محەمەد: بەرەوچاکسازی ئابوری لەهەرێمی کوردستاندا، ئاوێنە، ژمارە٥١٤، ٢٠١٦/٢/٢، لا١٨.

-خالید چاوچلی (سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی): ئەگەر یاسای بودجە یان پلانێك هەبووایە ئەم قەیرانە نەدەبووە موفاجەئە بۆمان، ئاوێنە: ژمارە ٥١٥، سێشەممە، ٢٠١٦/٢/٩، لا٦.

٣) ئەبوبەکر عەلی: لەگەندەڵییەوە، ئاوێنە، ژمارە ٥١٨، ٢٠١٦/٣/١، لا١٤.

٤) مك کوایل، دنیس: درأمدی بر نظریه ارتباطات جمعی، ترجمه پرویز اجلالی، ص ٦٨ـ٦٩.

٥) ئاوێنە: خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی تۆرە جیهانییەکانی گەندەڵی کە لە نوسینی پیتەر ئایگن و وەرگێرانی ئومێد عوسمانە، ئا: بارام سوبحی، ژمارە ٥١٦، سێشەممە ٢٠١٦/٢/١٦، لا ١٧.

کاتبەسەربردن و دەتوانێ ئەم شێوازەش بەکاربهێنێ بۆ گواستنەوەی زانیاری و بۆچوون[١].

ڕۆژنامەگەریی کوردی تائەمڕۆش بایەخی تەواوی بەم شێوازەی کاری میدیایی نەداوە، هەفتەنامەی (ئاوێنە) کە هەر لە سەرەتاوە بە مۆدیلێکی ڕەخنەیی دەستی پێکردووە، بە ڕێژەیەکی کەم گرنگی بەم ژانرە ڕۆژنامەگەرییە داوە، ئەمەش بەیەکێك لە خەوشەکانی هەژمار دەکرێت. لە سیاسەتی ڕۆژنامەگەریی ئەم هەفتەنامەیەدا، وێڕای بڵاوکردنەوەی چەند بابەتێکی کەمی تەنزئامێز[٢]، ئاستی بایەخدان بە کاریکاتێر و ژانرەکانیتری ڕەخنەی کۆمیدییانە لەنزمترین ڕێژەدایە.

هەفتەنامەی (ئاوێنە) لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕۆڵ و ئەرکانەی ئاماژەمان پێدان، توانیویەتی بەئاستێکی باش ڕۆڵی چاودێری و ڕێنوێنی داوە، بەڵام نەیتوانیوە وەك پێویست ئاستی هۆشیاریی لەهەمبەر قەیران لە ڕێگەی گواستنەوەی ئەزموونی وڵاتانیتر لەناو کۆمەڵگای کوردی پەرەپێبدات.

**باسی دووەم: بەرهەمهێنانی مۆدیلێك بۆ سیاسەتی ڕۆژنامەگەری لە ساتی قەیراندا**

لەم تەوەرەیەدا توێژەر بەپشتبەستن بە میتۆدی گراوندد تیۆری (Grounded Theory) هەوڵ دەدات لە ڕێگەی ئەنجامدانی (هەڤپەیڤینی قوڵ) سەبارەت بە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە، مۆدیلێکی شیاو بۆ شێوازی مامەڵەی ڕۆژنامەگەری لە هەلومەرجی قەیراندا بەرهەم بهێنێت.

**یەکەم: قۆناغەکانی پراکتیزەکردن**

**١-قەوارە و جۆر و سنوری سامپڵ:**

کۆمەڵگای توێژینەوە: سەرجەم ئەو تاکانەن (مرۆڤ، دامەزراوە، بەرنامە، گۆڤار...) کە لە خەسڵەتێکی تێبینیکراودا هاوبەشن[٣]. لەم توێژینەوەیەشدا سەرجەم ژمارەکانی شەش مانگی هەفتەنامەی ئاوێنە (٢٠١٦/١/١تا ٢٠١٦/٦/٣٠) وەك کۆمەڵگای توێژینەوە وەرگیراوە.

سامپڵی توێژینەوە: لەم توێژینەوەیەدا، ڕێبازی (نمونەوەرگرتنی ئامانجدار) بەکارهاتووە کە ڕێبازێکە تیایدا پرۆسەی دەستنیشانکردن و بژاردەی نمونەکان بۆ چاوپێکەوتن و دیدار، بەپێی کۆمەڵێك پێوەری ئەکادیمی لەناو کۆمەڵگادا هەڵدەبژێردرێن[٤]. لەو ڕوانگەیەوە کە قەیران و لێکەوتەکانی، کاریگەرییان لەسەر کۆی سێکتەرەکانی کۆمەڵگا و دانیشتوانی هەرێمی کوردستان هەیە، لە یەکەمین هەنگاوی پراکتیکی بۆ توێژینەوەکە. هەڤپەیڤینی قوڵ لەگەڵ (٨) پسپۆڕ و شارەزا و کەسی پەیوەندیدارلدا ئەنجام دراوە تا لەڕووی بۆچوون و داتاوە بگەینە خاڵی تێری ( Saturation Point)، ئەوانیش بریتین لە:

---

1) Alan B.Albarran: Handbook of Media Management And Economics, London, 2008, P 225.

٢) ئاوێنە: لەسەر گەندەڵی و بێ موچەیی: شێخ ڕەزا هەجوی کاربەدەستان دەکات، ئا: بارام سوبحی، ژمارە ٥١٤، ٢٠١٦/٢/٢، لا ١٧.

٣) سابیر بەکر بۆکانی (دکتۆر): میتۆدی توێژینەوەی زانستی،چاپی یەکەم ٢٠١٦، لا١٢٥.

٤) استراوس، أنسلم و جولیت کوربین: اصول روش تحقیق کیفی، نظریه مبنایی، رویەها و شیوەها، ترجمە: بیوك محمدی، انتشارات پژوهشگاه علوم انسانی، تهران١٣٨٩، ص ١٧٧.

- د.عەلی ئەکبەر فەرهەنگی — پرۆفیسۆری بواری میدیا لە زانکۆی تاران
- د.موحسین نەزەری — پرۆفیسۆری بواری ئابوری لە زانکۆی تاران
- فەرید ئەسەسەرد — پسپۆڕی ئاسایشی نەتەوەیی لەسەنتەری ستراتیژی کوردستان
- جەمال حاجی عەلی — (سەرمایەدار)
- ڕزگار حاجی کایل — (سەرمایەدار)
- ئاسۆس هەردی — (خاوەن ئیمتیازی هەفتەنامەی ئاوێنە)
- سەردار محەمەد — (سەرنوسەری هەفتەنامەی ئاوێنە)

بەمانایەکیتر، لە میتۆدی (گراوندد تیۆری)دا، پرۆسەی وەرگرتنی نمونە بەردەوام دەبێت تا داتاکان دەگەنە قۆناغی تێری و کاملێتی، هەروەك (ستراوس و کۆربین) ئاماژەیان پێداوە:

-ئەنجامدانی چاوپێکەوتن کە بیروبۆچوونی تازە و جیاواز بەرهەم نەهێنێ.

-کاتێك چەمك و بابەتە سەرەکییەکان بگەنە قۆناغی کاملێتی.

-پەیوەندی نێوان چەمك و بابەتە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بەتەواوەتی بچەسپێت[1].

سنوری توێژینەوەکەش، بواری ڕۆژنامەگەری هەرێمی کوردستانە، هەربۆیەشە هەڤپەیڤین لەگەڵ پسپۆڕان و ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستاندا کراوە، لەپێناو وەرگرتنی بیروبۆچوونی بیانیش، دیدار لەگەڵ دوو پسپۆڕی بواری میدیا و ئابوریش ئەنجام دراوە تا بۆ بەرهەمهێنانی مۆدیلێکی شیاو لەهەمبەر قەیرانەکاندا، سود لە بۆچوونەکانیان وەربگرین.

**٢-قۆناغی شرۆڤەکردنی داتاکان:**

بەپێی (میتۆدی گراوندد)، قۆناغەکانی کۆکردنەوەی داتا و شرۆڤە و تاوتوێکردنی ناوەرۆکی هەڤپەیڤینەکان، بە یەك پرۆسەی یەکگرتوو دادەنرێت. یەکەمین قۆناغیش بریتییە لە پرۆسەی (کۆدگوزاری) کە تیایدا تاوتوێی داتاکان دەکرێت و چەمك و ڕەهەند و تایبەتمەندییەکانیان بە سێ قۆناغ دەستنیشان دەکرێن:

-کۆدگوزاری کراوە یا والا (Open coding): لەم قۆناغەدا هەوڵ درا بۆچوون و خاڵە گرنگەکانی هەڤپەیڤینەکان دەربهێنرێت و بەشێوەی ڕستە پۆلێن بکرێن. لةم توێژینەوەیەدا سەرجەم هەڤپەیڤینەکانمان کۆدگوزاری کرد، بەوهۆیەوە (١٥٦) ڕستە و بۆچوونی گرنگمان دەستەبەر کرد.

-کۆدگوزاری تەوەرەیی (Axial coding): واتا دەستنیشانکردنی دەستەواژە سەرەکییەکان لەناو هەڤپەیڤینەکاندا، پاشان ئۆرگانیزەکردن و پۆلێنکردنیان بە ئامانجی بەرهەم هێنانی تەوەرە سەرەکییەکان بۆ بابەتی توێژینەوەکە[2]. لەم قۆناغەشدا کۆدە سەرەتاییەکانمان چڕ کردەوە بۆ (٦) تەوەرەی سەرەکی لەپێناو بەرهەمهێنانی مۆدیلێك بۆ توێژینەوەکە.

-کۆدگوزاری بژاردە (Selective coding): لەم قۆناغەدا سەرجەم دەستەواژەکانی قۆناغی پێشوو

---

١) همان منبع، ١٣٨٥، ص ١٨٧.

٢) محمد سعید ذکایی:نظریه و روش در تحقیقات کیفی،فصلنامه علوم‌اجتماعی، شماره ١٧، ١٣٨١، ص ٦٣.

بۆ بەرهەمهێنانی مۆدیلێکی شیاو بۆ بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە بەکاردەهێنرێت[١].

**٣-دروستی و جێگیری داتاکان:**

(دروستیValidity) ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئایا ئەو مەسەلانەی دەمانەوێ ئەندازەی بگرین، بەشێوەیەکی دروست ئەندازەمان گرتووە؟. لەپێناو گەیشتن بە دروستی ئامرازەکانی ئەم توێژینەوەیە، هەوڵمان داوە پشت بە پەسەندکردنی داتاکانی هەڤپەیڤینەکان لەلایەن خودی بەشداربووانەوە (member Check) وەربگرین.

بۆ (جێگیریReliability) داتاکانیش کە پەیوەندیدارە بە وردی پێوەرو بەهێزی و تۆکمەییەکەی، واتا ئامرازێك یا رێوشوێنێ کە بتوانێ لە هەلومەرجێکی یەکساندا هەمان ئەنجام دەستبخات. بۆ ئەم مەبەستەش چەندینجار پرسیارەکانمان بەشێوازیتر ئاراستەی هەڤپەیڤوانان کردووە تا دڵنیابین لە وەڵام.

**٤-بەرهەمهێنانی مۆدیلێکی شیاو:**

بەپشتبەستن بەمیتۆدی (گراوندد تیۆری)و بەپێی شرۆڤەی داتای هەڤپەیڤینەکان، گەیشتینە قۆناغی بەرهەمێنانی مۆدیلێکی شیاو بۆ مامەڵەی ڕۆژنامەگەری بەشێوازێکی دروست لەگەڵ قەیرانەکانی ئێستا و ئاییندەدا، پاشان شرۆڤەی تەوەرە سەرەکییەکانی مۆدیلەکە دەکەین.

**دووەم: تاوتوێی مۆدیلی توێژینەوەکە:**

مۆدیلی تویژینەوەکەمان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا تاوتوێ دەکەین:

١-ناوەرۆك و بابەتی سەرەکی (core category or phenomenon): سیاسەتی ڕۆژنامەگەری لەساتی قەیران لە هەرێمی کوردستاندایە. بەپێی داتای هەڤپەیڤینەکانی توێژینەوەکە، رۆژنامەگەریی کوردی توانیویەتی سەرچاوەیەکی شیاو بێ بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری لەسەر دیاردەی قەیرانەکان، لەهەمانکاتدا کەموکوڕی زۆریش لە هەڵبژاردنی بابەت و شێوازی گەیاندنی بەجەماوەردا هەبووە. هەروەها لەسەر ئاستی جەماوەر و کۆمەڵگا، نەیتوانیوە سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی قەیران دروست بکات. لەسەر ئاستی حکومەتیش، فشارەکانی ڕۆژنامەگەری نەیتوانی دەسەڵات بۆ چاکسازی ناچار بکات یا جەماوەر لەپێناو ئەنجامدانی چاکسازی لە دەسەڵاتدا بجوڵێنێ. ڕۆڵی رۆژنامەگەریی بۆ ئەو ئامانجەش، لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکیتر و بەپێی فاکتەری جیۆگرافی جیاواز بووە.

٢-پەیوەندی هۆکاری (causal conditions): پەیوەندی (قەیران) و (بەرپرسیارێتی) لە سیاسەتی ڕۆژنامەگەری، پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە. ڕۆژنامەنووسان و دامودەزگا ڕۆژنامەگەرییەکان، پێویستە

١) ایمان محمد تقی، منیژه محمدیان:روش شناسی نظریه بنیادی، فصلنامه علمی پژوهشی روششناسی علوم، (١٣٨٧)، ص ٤١-٤٢.

ئاگاداری ئەو ڕاستیيە بن تا مەترسییەکانی قەیران زیاتر بێ، پێویستە بە بەرپرسیارانەتر مامەڵە لەگەڵ دۆسییەکانی کۆمەڵگادا بکەن، واتا ئەرکی ئەوان ڕاگوێزانی هەواڵ و زانیارییە نەك بەشێك بن لەلایەنەکانی قەیرانەکە. لەهەمانکاتدا سیاسەتی ڕۆژنامەگەریی سەربەخۆ و ئەهلی لەهەمبەر داکۆکی لە مافەکانی جەماوەر لەساتی قەیراندا پۆزەتیڤ بووە، بەڵام بەپێی کۆدی چاوپێکەوتنەکان هەرکام لە میدیای حیزبی و سێبەر ڕۆڵێکی نیگەتیڤیان گێڕاوە .

٣-فاکتەر و هەلومەرجی کاریگەر و دەستوەردەر (intervening conditions): ململانێی جەماوەر و حیزب و حکومەت. بەپێی داتای هەڤپەیڤینەکان، سیاسەتی ڕۆژنامەگەریی ئەهلی و سەربەخۆ تائەندازەیەك توانیویەتی داکۆکی لە مافەکانی جەماوەر بکات، لەهەمانکاتدا ڕۆژنامەگەریی حیزبی و حکومی لە ڕێگەی پەیامەکانیانەوە کە زۆرجار داکۆکییە لە قەیرانەکان بەتایبەت تەنگژەی دارایی، ژینگەی بواری میدیای لە کوردستاندا جەنجاڵتر کردووە.

هەروەها سستی لە جێبەجێکردنی یاساکانی تایبەت بە پێدانی زانیاری و پاراستنی مافی میدیاکان، بۆتەمایەی هەڵکشانی ئاستی پێشێلکاریی حیزب و حکومەتی لەهەمبەر ڕۆژنامەنووسان. وێڕای ئەوەش، پەنابردنی ڕۆژنامەنووسان و میدیا ئەهلی و سەربەخۆکان بۆ دۆسییەی مەترسیداریش، کێشەی ئاسایشی نەتەوەیی خوڵقاندووە .

٤-زەمینە و هەلومەرجی زاڵ (context conditions): قەیرانە جۆراوجۆرەکان کاریگەری لەسەر ئاستی ناتەبایی چین‌وتوێژەکانی کۆمەڵگا و حکومەت هەبووە، ئەم ململانێیە ڕەنگدانەوەی نیگەتیڤی لەسەر سیاسەتی ڕۆژنامەگەریی جێهێشتووە .

بەپێی کۆدی هەڤپەیڤینەکانیش، بواری ڕۆژنامەگەری پتر ناکۆکییەکانی قوڵتر کردۆتەوە و کەمتر ڕێگاچارە و پردی دیالۆگی دروست کردووە.

٥-ستراتیژ(strategies): بەپێی کۆدی هەڤپەیڤینەکان، سێ پرەنسیپ دەبێ مامەڵەی سیاسەتی ڕۆژنامەگەری لەسەر ئۆرگانیزە بکرێت کە بریتین لە (سەربەخۆیی بۆ ڕۆژنامەگەری، ڕەخساندنی خۆشگوزەرانی بۆ جەماوەر، دیموکراسی بۆ حکومڕانی و سەروەریی یاسا لە دەسەڵاتدا). بەمشێوازە دەتوانرێ کۆمەڵگای مۆدێرن و ڕۆژنامەگەرییەکی نمونەیی لە هەرێمی کوردستان بێتەدی.

٦-دەرەنجام (consequences): مامەڵەی بەرپرسیارانەی ڕۆژنامەگەری لە قۆناغی قەیراندا، واتا ڕۆژنامەنووسان و میدیاکان دەبێ بەرپرسیارانەتر مامەڵە لەگەڵ مەترسییەکاندا بکەن، هەم هانی جەماوەر بدەن لەبری شڵەژانی دۆخەکە، خۆیان بۆ گۆڕانکاریی ڕابهێنن. ئەم مەسەلە گرنگەش لە کۆدی هەڤپەیڤینەکاندا جەختی زۆری لەسەر کراوەتەوە.

## كۆبەند:

لە باسی یەکەمدا لەژێر ڕۆشنایی ئەرکەکانی میدیا، ئاستی بایەخدانی هەفتەنامەی (ئاوێنە) لە ساتی قەیران و ڕاگەیاندنی سیاسەتی تەقەشوف لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٦ز)دا ڕوون کرایەوە، پاشان لە باسی دووەمدا بەپشتبەستن بە میتۆدی (گراوندد تیۆری) بە میتۆدێکی زانستیانە و بەپێی کۆدی ئەو هەڤپەیڤینانەی لەگەڵ پسپۆڕان و ڕۆژنامەنووسان و شارەزایاندا ئەنجام دراوە، مۆدیلێکی شیاو بۆ مامەڵەی ڕۆژنامەگەریی لە ساتی قەیراندا گەڵاڵەکرا کە بە گشتی لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا سەرجەم ئاست و ڕەهەندەکانی خراوەتەڕوو:

**هێڵکاری ژمارە (١):**

**مۆدیلێکی شیاو بۆ (سیاسەتی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەهەمبەر قەیرانی دارایی)**




**سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر**

## دەرەنجامەکان

توێژەر لەسەربنەمای تەوەرە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە و تاوتوێی نمونە و سامپڵەکان و خستنەڕووی مۆدیلێکی شیاو بۆ مامەڵەی سیاسەتی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەساتی قەیراندا، کۆمەڵێك ئەنجامی دەستەبەر کردووە کە بریتین لە:

١. هەفتەنامەی (ئاوێنە) لەماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا (١/١-٢٠١٦/٦/٣٠ز) بایەخێکی فرەلایەنەی بە دۆسییەی قەیران بەگشتی و تەنگژەی دارایی بەتایبەت و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگای کوردی داوە.

٢. هەفتەنامەی (ئاوێنە) لە سیاسەتی بڵاوکردنەوەی بابەتدا دەربارەی قەیرانەکان، بایەخی زیاتری بە مانشێتی وروژێنەری لاپەڕە یەك داوە، لەهەمانکاتدا بابەتی بنکۆڵکاریی و داتای گرنگ، لە ئاستی پێویستدا نییە.

٣. هەفتەنامەکە بایەخی بە ئەرکی چاودێریی گۆڕانکارییەکان داوە، لەهەمانکاتدا ئەرکی ڕێنوێنی و ڕێنمایی کۆمەڵگا بۆ خۆڕاهێنان لەکاتی قەیران و ئەرکی ئاراستەکردنی سیستەمی بەرەو ڕێگای دەربازبوون لە قەیران پشتگوێ خستووە.

٤. بەپێی کۆدی هەڤپەیڤینەکان بۆ ئەم توێژینەوەیە، پێویستە ڕۆژنامەگەریی کوردی بەبەرپرسیارانە نەك وروژێنەرانە، مامەڵە لەگەڵ قەیران و لێکەوتەکانیدا بکەن.

٥. پەیوەندی بەرپرسیارێتی لە سیاسەتی ڕۆژنامەگەری و قەیران و لێکەوتەکانی، پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە، تا قەیران مەترسیدارتر بێ ئەوا بەرپرسیارێتی ڕۆژنامەگەریش زیاترە.

٦. ڕاوێژ لەگەڵ پسپۆڕان و شارەزا و ڕۆژنامەنووسە بەئەزموونەکان بۆ مامەڵەکردن لەساتی قەیراندا، ئەرکێکی گرنگە بۆ گەڵاڵەکردنی سیاسەتی ڕۆژنامەگەری کوردی.

٧. تاوتوێی کاریگەرییەکانی قەیران بۆ جەماوەر پێویستییەکی گرنگە، چونکە مافی زانینیان هەیە.

### ڕاسپاردەکان

توێژەر بەئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی بایەخدانی ڕۆژنامەگەریی کوردی بەگشتی و دامەزراوەی (ئاوێنە) بەتایبەتی بەدیاردەی قەیرانو جۆر و ئاست و مەترسییەکانی، کۆمەڵێك ڕاسپاردە دەخاتەڕوو:

١. بایەخدانی زیاتر بەدۆسییەکانی قەیران لە ڕێگەی ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی و سازدانی هەڤپەیڤینی قوڵ لەگەڵ کەس و لایەنە پەیوەندیدارەکان، لەپێناو شرۆڤەی هەمەلایەنەی دیاردە مەترسیدارەکان لە هەرێمی کوردستان.

٢. کردنەوەی دۆسییەی تایبەت بەهەر قەیرانێك لە ساتی خۆیدا، لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگا.

٣. هەوڵدان بۆ دروستکردنی فشار و وروژاندنی ڕایگشتی بۆسەر ئەو کەس و لایەن و دامەزراوانەی دەبنەمایەی قەیران یا کەمتەرخەمن لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانیدا.

٤. دامەزراندنی سەنتەری توێژینەوەی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لەسەر قەیرانە جۆراوجۆرەکان لە دامودەزگا میدیاییەکاندا.
٥. دوورکەوتنەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردی بەتایبەت ڕۆژنامە ئەهلییەکانی وەك (ئاوێنە) لە دروشمی وروژێنەر و زانیاریی ناتەواو دەربارەی دۆسییەکانی قەیران و دیاردە مەترسیدارەکان.
٦. گرنگیدانی زیاتر بەناوەرۆکی دیاردە و قەیرانەکان لەبری نوسین و بابەتی لاواز و زیانبەخش.
٧. بایەخدان بەبەرژەوەندی گشتی و ئاسایشی نەتەوەیی لەساتی قەیراندا.
٨. لەبەرچاوگرتنی پرەنسیپە ئیتیکی و پرۆفیشناڵییەکان لە پرۆسەی نوسین و بڵاوکردنەوەدا.

- **پێشنیاز**

توێژەر دوای خستنەڕووی دەرەنجامو ڕاسپاردەکانی ئەم توێژینەوەیە، کۆمەڵێك پێشنیاز بۆ توێژەران و ناوەندە زانستییەکان دەخەینەڕوو:
١. ئەنجامدانی توێژینەوە بەمیتۆدەکانیتر سەبارەت بە ئاستی بایەخی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەبارەی قەیرانانەکانی کۆمەڵگای کوردی.
٢. ئەکتیڤکردنی داواکاری گشتی بۆ چاودێرییەکی دیموکراسییانەی سیاسەتی ڕۆژنامەگەریی.
٣. گەڵاڵەکردنی مۆدیلێك بۆ مامەڵەی ڕۆژنامەگەری لەگەڵ دیاردەکانی کۆمەڵگا.
٤. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر پێداویستی و خواستەکانی جەماوەر لە میدیای کوردیدا.

# لیستی سەرچاوەکان

**سەرچاوە کوردییەکان:**

**کتێب:**

١. ئەنوەر حسێن، پەرژین ئەحمەد: ڕەوشی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان (٢٠٠٨-٢٠١٨)، لە بڵاوکراوەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ٢٠١٩.

**سەرچاوە فارسییەکان:**

**کتێب:**

٢. استراوس، أنسلم و جولیت کوربین: اصول روش تحقیق کیفی، نظریه مبنایی، رویەها و شیوەها، ترجمە: بیوك محمدی، تهران انتشارات پژوهشگا علوم انسانی، ١٣٨٩.

٣. حسن انوری (دکتر): فرهنگ سخن، جلد دوم، چاپ هفتم، ١٣٩٠.

٤. حسین حسینی: مدیریت بحران، انتشارات ناجا، تهران، ١٣٨٨.

٥. دنیس مك کوایل، درأمدی بر نظریه ارتباطات جمعی، ترجمه پرویز اجلالی.

٦. سید سجاد فالی: اصول و مقدمات مدیریت بحران، نشر پلك، چاچ اول ١٣٩٤.

٧. عباسعلی کریمخانی- امیر شهرکی: مدیریت بحران در نظام بانكي، انتشارات بانك سپه، ١٣٩٠.

٨. فریدون ورودی نژاد (دکتر): مدیریت بحران رسانەها، انتشارات دانشگاه تهران، چاپ اول ١٣٨٨.

٩. مایکل هاولت، وام رامش: مطالعه خطمشی عمومی، ترجمه عباس منصوریان و ابراهیم گلشن، چاپ اول، تهران، مرکز أموزش مدیریت دولتی،١٣٧٢.

**گۆڤار:**

١٠. شعبانعلی بهرام پور: ضرورت تجدیدنظر در سیاست گذاری رسانەای و مطبوعاتی، تهران، فصلنامه رسانه، ١٣٨٣، س ١٥، شماره ٢.

١١. طاهر روشندل اربطانی: بررسی أسیب شناسانه فرایند سیاستگذاری در سازمان صدا و سیمای جمهوری اسلامی ایران، فصلنامه مدیریت دولتی، ١٣٩٤، شماره ١٠.

١٢. محمد سعید ذکایی: نظریه و روش در تحقیقات کیفی، فصلنامه علوم اجتماعی، شماره ١٧، ١٣٨١.

١٣. معتمد نژاد،کاظم: یونسکو و سیاستگذاری ملی ارتباطات در کشورهای درحال توسعه، فصلنامه رسانه، ١٣٨٣، شماره ٥٨.

١٤. د.حسن بشیر: رسانەها و معناشناسی بحران، فصلنامه علمی پژوهشی پژوهشهای ارتباطی، سال پانزدهم، ١٣٨٧.

١٥. د.طاهر روشندل اربطانی: نقش مدیریت رسانه در تحول بحران از تهدید به فرصت، مجله پژوهشهای ارتباطی ١٣٨٧، شماره ٥٥.

١٦. ايمان محمد تقى ، منيژه محمديان: روش شناسى نظريه بنيادى، فصلنامه علمى پژوهشى روش شناسى علوم، ١٣٨٧.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١٧. د.محمد فريد محمود عزت: قاموس المصطلحات الاعلامية، دارالمكتبة الهلال، لبنان، ٢٠٠٨.
١٨. د.عبدالوهاب كحيل: الرأى العام و السياسات الاعلامية، الناشر مكتبة المدينة، مصر، طبعة الثانية ١٩٨٧.
١٩. منير البعلبكى: المورد، دارالعلم للملايين- بيروت ٢٠٠٤.
٢٠. د.يحي عمر ريشاوي: الصحافة و صناعة الوعي، دراسة تطبيقية على واقع الصحافة في اقليم كوردستان العراق، اربيل ٢٠١١.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

21. Alan B.Albarran: (2008) Handbook of Media Management And Economics, London.
22. Ashcroft, I.S:(1997) crisis management-public relation, journal of managerial psychology, NO 5.
23. Both.S.A: (1993) Crises Management Strategy, London, Rutledge.
24. Habermas,J: (1993) Legitimation Crisis. Boston: Beacon Press.
25. Hemerijck ,A.C: (2004) Media Policy for the Digital Age, Amsterdam University Press.
26. Hutchison, David: (2005) Media Policy , Blackwell press.
27. Childress, Diana:(2008) Johannes Gutenberg and the Printing Press.
28. Cuilenburg , J Van and McQuail ,Denis: (2005) Media Policy Paradigm Shifts, SAGE Publications.
29. John E. Spillon and William Rick Crandall: (2002) Crisis Planning in the Nonprofit Sector: Should Occur?.

**سایتەکان:**

٣٠. نێچیرڤان بارزانی: بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی داراییدا، سیاسەتی فریاگوزاریی تەقەشوف جێبەجێ دەکەین، سایتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٦/١/٢٧
http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=040000&l=13&a=54163
٣١. د.عزەت سابیر، هۆکارەکانی قەیرانی دارایی لەکوردستان، سایتی ئەنجومەنی ناوەند:
http://pukcc.net/%D9%87%DB%86%D9%83%D8%A7%D8%B1%DB%95%D9%83%D8%A7%D9%8

6%DB%8C-%D9%82%DB%95%DB%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86%DB%8C-
%D8%AF%D8%A7%D8%B1%D 8%A7%DB%8C%DB%8C-
%D9%84%DB%95%D9%83%D9%88%D8%B1%D8%AF%D8%B 3%D8%AA%D8 %A7/

٣٢. سایتی فەرمی هەرێمی کوردستان، لەم بەستەرە:
http://www.gov.krd/p/page.aspx?l=13&s=050000&r=327&p=238&h=1

٣٣. سایتی ڕۆژنامەی ئاوێنە، لەم بەستەرە: https://www.awene.com/about

٣٤. سایتی ڕووداو: کاردانەوەی کێشەکانی هەولێر و بەغدا لە میدیا جیهانییەکاندا، ٢٠١٤/١/٢١، لەم بەستەرە: http://www.rudaw.net/NewsDetails.aspx?PageID=33586